دیمۆکراسی
بۆ ئێران

# کوردستان

خودموختاری
بۆ کوردستان

١٠ی خەزەڵوەری ١٣٨٠
١ی نوامبری ٢٠٠١

ئۆرگانی کومیتەی ناوەندیی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران

ژمارە: ٣٢٧
١٠٠ تمەن

## خوێندکارانی کورد، سەفیرانی فەرهەنگیی گەلەکەیان لە زانستگەکانی ئێران دا

ع. وریا

لەو بزووتنەوە فەرهەنگییە روو لەگەشە کردنەی کە ئەمرۆ لە کوردستانی ئیران دا بەدی دەکرێ، خویندکارانی کورد، جیگایەکی دیارو بەرچاویان هەیە. ئەوان هەم لەو زانستگەیانەدا کە لە شارەکانی کوردستان هەنو هەم لە شارەگەورەکانی دیکەی ئێران دا کە خوێندکارانی کورد بۆ درێژەو تەواو کردنی خوێندنی زانستگە روویان کردۆتە ئەوێ، جموجۆڵو تێکۆشانێکی فەرهەنگیی شیاوی رێزو ئافەرینیان دەست پێ کردوە. لەم وتارەدا ئاورێکی کورت لە تێکۆشانی خوێندکارانی کورد لە زانستگەکانی ئێران لە لە بواری خزمەتکردنی زمان فەرهەنگو ئەدەبیاتی گەلەکەیان دا دەدەینەوە.

ئەگەرچی هەم لەبەر هۆی نەتەوایەتیو هەم لەبەر هۆی ئایینی، لاوانی کورد لە چوون بۆ زانستگەکانی ئێران دا لەگەڵ فەرقو جیاوازی دانانی کاربەدەستانو کۆسپی جۆراوجۆری ئەوان بەرەوروو بوونو رێژەیەکی زۆر لەوان بە ناحەق لە زانستگەکان دا وەرنەگیراون، بەو حاڵەش ژمارەیەکی زۆر لەو لاوانەی دیپلومیان وەرگرتوە بە هۆی زیرەکیو ئاستی بەرزی نومرەکانیان توانیویانە بچنە زانستگەو لەو ناوەندە ئامووزشییە بەرزەکانی شارە گەورەکانی ئێران دا، درێژە بە خوێندن بدەن.

خوێندکارانی کورد کە ژێردەستیو بێ مافیی گەلەکەیان بە هەموو وجوودی خۆیانەوە هەست پێ کردوەو لە نێو بێبەشیو ژێر چەپۆکەیی تێکەڵ بە سەرکوتکرانی خەڵکی کوردستان دا، چاویان پشکوتوەو پەروەردە بوون، هەر لە رۆژی هەوەڵی چوون بۆ زانستگە، چارەی دەردی میللەتەکەیان لەوەدا دیوە، گرنگییەکی تایبەتی بە خوێندنو خۆپێگەیاندن بدەن تا لە رێگای زانستو بەرەوژوور بردنی ئاستی تێگەیشتنو رۆشنبیریی خۆیان، دواکەوتوویی گەلی کورد لە زۆر بواردا قەرەبوو بکەنەوە. بایەخدانی ئەوان بە زانستە ئینسانییەکانو وەدەست هێنانی پسپۆری لە بوارە فیکریو نەزەرییەکان دا، راست لەو پێویستییەوە، سەرچاوە دەگرێ.

٢

## دیاردەی خۆسووتاندنی ژنان لە کوردستان دا

هەژیر

لە ئاکامی ئەو قەیرانە کۆمەڵایەتی ـ فەرهەنگییانەی کە ئەمڕۆ داوێنگیری کۆمەڵگای ئێران بوونەتەوە، گەلێك دیاردەی دڵتەزێنو سەرسوڕهێنەر سەریان هەڵداوە، کە بە هۆی کەمتەرخەمی، بێ موبالاتیو بێبەرنامەیی دەسەڵاتدارانی رێژیم، رۆژ بەرۆژ لە زیاد بوون دان. رۆژ نیە لە رۆژنامەو بڵاوکراوەکانی نێوخۆی وڵات دا هەواڵی پێوەندیدار بە خۆکوشتنو خۆخنکاندنو خۆسووتاندنو چوونەسەری رێژەی نەخۆشییەکانی رەوانیو خەمۆکیو. . . بڵاونەبێتەوە.

لەم نێوەدا دیاردەی خۆسووتاندنی ژنانو پیاوان لە نێوخۆی وڵات دا بە گشتیو لە رۆژئاوای وڵات دا بە تایبەتی رەوتێکی سامناكو پەرەگرتووی بەخۆوە گرتوە. ئەم دیاردە کۆمەڵایەتییە لە نێو ژنان زیاتر پەرەی ئەستاندوە. رادەی خۆکوژیی ژنان لە وڵات دا لە ساڵی ١٣٧٥دا لە هەر سەدهەزار کەس، ٥/٨٨ کەس بووە. لە سێ ئوستانی کوردنشینی کرماشان، ئیلامو کوردستان ئەو رێژەیە زۆر زیاترە، بەجۆرێك کە لە ساڵی ٧٦دا تەنیا لە ئوستانی ئیلام دا بە گشتی ٣٤١ دیاردەی خۆکوژی رووی

٥

## زایەڵەی هاوارەکان

### سەرنجێك لە خۆپێشاندانەکانی ئەم دوایانەی خەڵك

هێمن

بۆ رێژیمێك هیچ روداوێك لەوە تاڵتر نیە کە هەم دۆڕانو هەم سەرکەوتنی لە بوارە جیاجیاکان دا، لە لایەن خەڵکەوە بکرێنە بیانووی دەربرینی رقو قینی خۆیان لەو رێژیمە. ئەگەر کۆبوونەوەو شاییگێرانەکانی خەڵك پاش سەرکەوتن لە بوارە جۆراوجۆرە وەرزشییەکان دا بە جۆرێك بە لە ژێر پێنانی ویستی شادیکوژانەی رێژیم دادەنرێن، رەنگە کۆبوونەوەکانی پاش دۆڕانەکانیش، بە نیشانەی رەفتارێکی نائاسایی کۆمەڵایەتی دابنرێن. بەڵام لە راستیدا تەواوی ئەو چەشنە خۆپێشاندانانە بەردەوامو لە کونترول دەرچووانە، بە مانای بەرەو رووخان چوونی تێکرای بناخەکانی حاکمییەتن. لە هەلومەرجێك دا کە نارەزایەتییەکانی کۆمەڵانی خەڵك رۆژ بە رۆژ بەرینتر دەبنەوەو هیچ چەشنە بوارێکیش بۆ دەربرینی ئەو نارەزایەتییانە نەدراوە، ئەمجۆرە خۆپێشاندانانە دەبنە باشترین هەل بۆ دەربرینی نارەزایەتی.

٣

تێکۆشان لە دەرەوەی وڵات — سوئێد، سویس، ئینگلیستان، دانمارك — ٦
هەوڵێکی بێ ئاکام — ٧
ئوسامە بن لادن لە حوجرەوە تا مافیای ئەلقاعیدە — ٨
کونفرانسێک لە ژێر ناوی "پێکەوە سەرەڕای هەموو جیاوازییەکان" لە ئوسترالیا — ١١

**بڕووخێ رێژیمی کۆنەپەرستی کۆماری ئیسلامیی ئێران**

# خوێندکارانی کورد، سەفیرانی فەرهەنگیی گەلەکەیان لە زانستگەکانی ئێران دا

درێژەی لاپەڕی ١

دەزانین کە لەم یەك دەیەی دوایی دا، زانستگەکانی ئێران بەرەبەرە بوونەوە بە مەکۆی خەبات‌و تێکۆشان دژی دیکتاتۆری‌و سەرەڕۆیی دەسەڵاتدارانی ئێران‌و بە تایبەتی لە نیوەی دووهەمی ئەو دەیەیەدا بزووتنەوەی خوێندکاری بوو بە بەشێکی ئەسڵی‌و پێشڕەوی خەباتی ئازادیخوازانەی خەڵکی وڵاتەکەمان لە پێناوی ئازادی‌و دێمۆکراسی دا. خوێندکارانی کورد کە خۆیان لە کوردستان، سەنگەری ئازادیی سەرانسەریی ئێران دا پەروەردە ببوون‌و نێوەرۆکی کۆنەپەرستانەو دژی گەلیی کۆماری ئیسلامی‌یان لە پێوەندی لە گەڵ خەڵکی کوردستان دا، بە تەواوی بۆ دەرکەوتوە، شانبەشانی خوێندکارانی خەباتگێری سەرانسەری ئێران، چالاکانە لە بزووتنەوەی خوێندکاری دا بەشدارن‌و هیچ دەرفەتێکیان بۆ دژایەتی کردنی سیاسەت‌و مەبەستەکانی دەسەڵاتدارانی کۆنەپەرست‌و پاوانخوازو هێنانەگۆری ویست‌و داخوازەکانی خۆیان‌و گەلانی ئێران لە کیس نەداوە. زۆر لەوانیش لە گەرمەی هێرشی هێزە سەرکوتکەرەکان بۆ سەر کۆڕو کۆبوونەوە ئیعترازییەکانی خوێندکاران بە تایبەتی لە تاران‌و تەورێزدا (هاوینی ١٣٧٨) گیران‌و کەوتنە زیندان، یا ناچار بوون رابکەن‌و روو نەکەنەوە زانستگە.

بەڵام ئەوەی لەو نێوەدا جێگای سەرنجە، ئەوەیە کە خوێندکارانی وشیاری کورد ئامادە نەبوون رەسالەت‌و ئەرکی سەرشانی خۆیان لە پێوەندی لەگەڵ گەلە بێبەش‌و ژێر دەستەکەیان دا لەبیر بەرنەوەو بیکەن بە قوربانیی بەرژەوەندی ئەو رێکخراوە خوێندکارییانە کە لە چوارچێوەی ئامانج‌و مەبەستەکانی ریفورمخوازانی حکوومەتی‌و تەنانەت بەرەی ٢ی جۆزەردان دا تێکۆشانیان هەبوو. ئەوان زۆر پێشتر لەوەش کە بزووتنەوەی خوێندکاریی ئێران بۆ پشتیوانی لە ئامانجەکانی بزووتنەوەی ریفورمخوازی بێتە مەیدان، کۆمەڵێك چالاکی‌و جموجۆڵیان دەست پێ‌کردبوو کە رەنگ‌و بۆنی نەتەوایەتییان هەبوو. پێکهاتنی کۆڕوکۆبوونەوەی جۆراوجۆر بۆ رێزنان لە بیرەوەریی قوربانییەکانی کارەساتی هەڵەبجەو یادکردنەوەی شەخسییەتە فەرهەنگییەکانی کوردستان‌و بەڕێوەبردنی شەوی شێعری کوردی لە ژمارەیەك لە زانستگەکانی وڵات دا نموونەیەك لە تێکۆشانی خوێندکارانی کورد، لە ساڵانی رابردوو دان.

دوای هاتنە سەرکاری دەوڵەتی خاتەمی‌و پێکهاتنی هەلومەرجێکی تا رادەیەك نوێ کە لە ئاکامی گەشەکردنی خەباتی خەڵکی ئێران‌و پاشەکشەی دەسەڵاتداران دا خولقا، خوێندکارانی کوردیش لەو هەلومەرجە بۆ پەرەپێدانی تێکۆشانی خۆیان بە مەبەستی کاری فەرهەنگی‌و خزمەت بە هونەرو زمان‌و ئەدەبیاتی گەلەکەیان کەڵکیان وەرگرت. پێکهاتنی یەك بە دوای یەکی ئەنجومەنە ئەدەبی‌و فەرهەنگییەکان‌و رێکخستن‌و بەڕێوەبردنی کۆڕوکۆبوونەوەو سیمینارو فستیڤاڵ‌و کۆنگرەی فەرهەنگی‌و دەرکردنی چەندین گۆڤارو بڵاوکراوەی خوێندکاری بە دوو زمانی کوردی‌و فارسی، لەو هەنگاوانەن کە خوێندکارانی کورد هەڵیان گرتوون‌و بەخۆشییەوە هەتا دێ روو لە زیاد بوون دەکەن.

سەرنجێك لە چۆنیەتیی بەڕێوەچوونی ئەو جموجۆڵانەو ورد بوونەوەیەك لە نێوەرۆکی ئەو وتارو بابەتانەی لەو جۆرە کۆبوونەوانەدا پێشکێش کراون، یا لە سەر لاپەری گۆڤارو بڵاوکراوە خوێندکارییەکانی خوێندکارانی کورد دا دەبینرێن، بەراستی هەموو کوردێکی دڵسۆزو نیشتمانپەروەر شادو سەربەرز دەکەن. چونکە دەردەکەوێ کە:

❍ ئەگەرچی نزیکەی دە میلیون کورد لە کوردستانی ئێران، هەروا لە مافێکی زۆر سەرەتایی وەك خوێندن بە زمانی زگماکیی خۆیان لە قوتابخانەکان دا بێ بەشن. بەڵام ئەو بێبەشییە نەبۆتە هۆی ئەوە لاوانی کورد، ئارەزووی دێرینەی فێربوونی خوێندنەوەو نووسین بە زمانی کوردی وەلا بنێن. هەر بۆیە بە هەوڵ‌و هیممەتی خۆیان‌و بە هاوکاریی کەسانی شارەزا، لەگەڵ هەموو کەندو کۆسپ‌و بێ ئیمکاناتییەك دا، هەوڵی فێر بوون‌و فێرکردنی خوێندنەوو نووسین بە زمانی کوردی دەدەن‌و باس‌و لێکۆڵینەوەی جۆراوجۆر بەو زمانە دەنووسن‌و بڵاوی دەکەنەوە.

❍ لاوانی خوێندکاری کورد شانبەشانی فێربوون‌و فێرکردنی زمانی کوردی، لە شارەزا بوون لە مێژووی هونەرو ئەدەبیات‌و فەرهەنگی کوردیش غافل نین‌و جگە لەوەی تێدەکۆشن سەرمایە مێژووییەکانی کورد لەو بوارانەدا بناسن‌و لێکۆڵینەوەی زانستییان لە سەر بکەن، هونەرو ئەدەبیاتی هاوچەرخی کوردیش‌و تەنانەت نوێترین بەرهەم‌و هەنگاوەکانیش لە هەرکام لە بەشەکانی کوردستان‌و لە دەرەوەی کوردستان بە یەکترو تامەزرۆیانی ئەدەبیاتی کوردی دەناسێنن‌و دەیانخەنە بەرباس‌و لێدوان.

❍ ئەنجومەنە ئەدەبی‌و فەرهەنگییەکانی خوێندکارانی کورد لە زانستگەکانی ئێران، بوون بە پردی پێوەندیی نێوان خوێندکارانی کورد لەگەڵ یەکترو لەگەڵ نووسەران، هونەرمەندان‌و رووناکبیرانی ناسراوی ئەمرۆی کوردستان دا. زۆر جار بۆ بەشداری لە سمینارو کۆڕو کۆبوونەوە فەرهەنگییەکان دا، لە یەك کات دا کۆمەڵێك شاعیر، نووسەر، رەخنەگرو هونەرمەندی کوردو خوێندکارانی چەندین شارو ناوچەی جۆراوجۆری کوردستان‌و هەروەها خوێندکارانی کوردی خوراسان، لێك کۆدەبنەوەو گوێ بۆ ئەزموون‌و بۆچوون‌و سەرنجەکانی یەکتر رادەگرن. یەکەمین کۆنگرەی زانستیی شێعری نوێی کوردی کە لە سەرماوەزی ساڵی ٧٩دا لەساڵۆنی زانکۆی ئەبووڕەیحانی بیروونی لە زانستگەی تاران بەڕێوەچوو، نموونەیەك لەو کۆبوونەوانەیە.

❍ خوێندکارانی کورد بە ئەنجامدانی جموجۆڵ‌و تێکۆشانی فەرهەنگی لە زانستگەکانی ئێران داو پێکهێنانی پیشانگەی جۆراوجۆرو کۆڕو سمینارو کۆنفرانس لە بارەی شێعر، چیرۆك‌و رۆژنامەنووسیی کوردی‌و بانگهێشتنی شەخسییەتە ئەدەبی‌و فەرهەنگییەکانی کورد بۆ پێشکێش کردنی وتارو دەربڕینی ڕاو بۆچوونی خۆیان‌و رێزلێگرتنیان، توانیویانە ببنە سەفیری فەرهەنگیی گەلی کورد لە نێو خوێندکاران‌و مامۆستایانی غەیرە کوردی ئێران داو لەو رێگایەوە، ئەوان لەگەڵ زۆر راستیی پێوەندیدار بە کوردستان‌و کوردەوە، ئاشنا بکەن. تەنانەت زۆر خوێندکاری غەیرە کوردیش لەو کلاسانەدا کە خوێندکارانی کورد بۆ فێر بوونی زمانی کوردی پێکیان هێناون، بەشدار بوون.

❍ لەگەڵ ئەوەش دا کە سانسۆرو نەبوونی ئازادیی بیروڕادەربڕین‌و نەبوونی ئازادیی دوای بیروڕادەربڕین، لە سەر رێی کاری رۆژنامەنووسی‌و جموجۆڵی فەرهەنگیی خوێندکارانی کوردیش، وەك هەموو ئێرانییەکان، کۆسپێکی گەورەیەو تەنانەت "حساسیت"ی کاربەدەستان لە بارەی کوردەکانەوە زیاتریشە، هەروەها ئەگەرچی خوێندکارانی کورد تەنیا لە مەجالی فەرهەنگی‌دا دەرەتانی خۆ نواندنیان هەیە، بەوحاڵەش ئەوان لەو دەرەتانە بۆ هێنانە گۆڕی هێندێك مەسەلەی پێوەندیدار بە کوردستان‌و کوردەکانی ئێران کەڵکیان وەرگرتوە. مەسەلەی نەتەوایەتی‌و پێویستیی چارەسەرکرانی ویست‌و داخوازە نەتەوایەتییەکانی گەلی کورد، ←

لەو باسانەن کە ئەگەرچی بە پارێزەوەو زۆرتر لە توێی باسی رووناکبیری‌دا، هاتوونە گۆڕێ.

هەوڵو تێکۆشانی خوێندکارانی کورد لە زانستگەکانی ئێران دا، ئەو کاتە زیاتر دەبێتە مایەی شانازی پێوەکردن کە ئەو راستیەش وەبیر بێنینەوە، ئەوان تا ئێستا نەیانتوانیوە رێکخراو یا کۆمەڵەیەکی تایبەت بە خۆیان پێك بێننو لە باری ماڵیو ئیمکاناتیشەوە، لە لایەن دەوڵەتەوە هیچ یارمەتییەکیان پێناکرێو ئەوەی ئەنجامی دەدەن بە هەزینەی خۆیانو بە یارمەتیی هێندێك کەسایەتیی نیشتمانپەروەرو فەرهەنگدۆستی کورد، جێبەجێی دەکەن. هەربۆیە ئەگەر خوێندکارانی کورد لەسەریانە بۆ هەرچی باشتر بەرەوپێش بردنی تێکۆشانی خۆیان لە بواری فەرهەنگی داو هەروەها بۆ دیفاع لە ویستو داخوازە سینفییەکانیان لە هەوڵی پێکهێنانی رێکخراو یا کۆمەڵەیەکی سەربەخۆدا بن، هەموو کوردێکی دڵسۆزی فەرهەنگو ئەدەبیاتی کوردیو هەموو ئۆگرانی پێشکەوتنی کورد، ئەرکی سەرشانیانە لە یارمەتیکردنو پشتیوانیی تێکۆشانی خوێندکارانی وشیاری کورد، درێغی نەکەن.

### هێندێك لە گۆڤارو بڵاوکراوەکانی خوێندکارانی کورد لە زانستگەکانی ئێران دا

"روانگە" (فەرهەنگی، کۆمەڵایەتی، سیاسی)، بڵاوکراوەی خوێندکاریی زانستگەی زانستە پزیشکییەکانی تەورێز (کوردیو فارسی).

"چیا" گۆڤاری خوێندکاریی، فەرهەنگی، ئەدەبی، کۆمەڵایەتیو ئابووریی زانکۆی ئیسفەهان

"برووسکە" بڵاوکراوەیەکی فەرهەنگی، کۆمەڵایەتی، ئەدەبی، گۆڤاری نێوخۆیی خوێندکارانی زانکۆی رازیی کرماشان (کوردیو فارسی)

"زایەڵە" گۆڤاری ئەدەبی، هونەریی خوێندکارانی کوردی زانکۆی تەورێز

"ژوان" دەنگی خوێندکارانی زانستگەی سنە

"آفاق نو" بڵاوکراوەی ئەدەبی، فەرهەنگی، هونەریی زانستگەی زەنجان

"رۆژا نو" مانگنامەیەکی فەرهەنگی، کۆمەڵایەتییە، لەلایەن خوێندکارانی زانکۆی ورمێ بڵاو دەبێتەوە

"سارێژ" گۆڤاری نێوخۆیی ئەنجومەنی فەرهەنگی ـ ئەدەبیی خوێندکارانی کوردی زانکۆکانی تاران

"فاروس زاگرۆس" بڵاوکراوەی نێوخۆیی خوێندکارانی کوردی زانکۆی ئیسفەهان

# زایەڵەی هاوارەکان

## سەرنجێك لە خۆپێشاندانەکانی ئەم دوایانەی خەڵك

درێژەی لاپەڕی ١

کاتێك کۆبوونەوەکانی خەڵك لە سەر شەقامەکان بە دوای سەرکەوتنەکانی تیمی میللیدا، بوونە میتینگی گەورەی دەربڕینی رقو بێزاری، رێژیم پێی وانەبوو کە دۆڕانی تیمی میللی (ئەویش لە دەرەوەی وڵات دا بە بێ بینەرانی ئێرانی) ببێتە هۆی وەرێکەوتنی خۆپێشاندان ئەویش لە ئاستێکی بەربڵاودا.

کاربەدەستانی رێژیم کە تێکرای هێزو توانای ئینتیزامیو ئەمنییەتیی خۆیان بۆ تێکدانی جێژنو شایی خەڵك هێنابووە مەیدانو هەوڵیان دەدا کە ئەم جێژنانە (وەك رووداوەکانی پێشوو) کونتروڵی وەزعەکەیان لە دەست دەرنەهێننو کەمتر بیریان لەوە دەکردەوەکە ئەگەر تیمی میللی بیدۆڕێنێ لەگەڵ لێشاوی بەرینتری خۆپێشاندانەکان بەرەورووەدەبن. خۆپێشاندەران لە درۆشمەکانی خۆیان دا خوازیاری ئازادیی زیندانیيە سیاسییەکان بوونو پشتیوانییان لە خوێندکارانی زیندانیی کردو هەروەها بە دەربڕینی هەڵوێستی روونی خۆیان لە بەرامبەر رێبەرانی حکوومەتی دینیدا، نیشانیان دا کە ویستەکانیان لە شایی کردن یا دەربڕینی نارەزایەتییەکانی رووت بە بۆنەی بردنەوە یا دۆڕانی تیمی میللییەوە، زۆر گەورەترن.

حاکمییەتیش لە رێگای بە کار هێنانی کەم وێنەی هێزە سەرکوتکەرەکانییەوە هەوڵیدا خەڵك چاوترسێن بکا. بەڵام هەر وەك چۆن گرتنی سەدان کەس پاش سەرکەوتنی تیمی میللی فووتباڵی ئێران بە سەر تیمی عێراق دا نەیتوانی پێش بە هاتنی خەڵك بۆ سەر شەقامەکان بگرێ، گرتنی پتر لە هەزار کەسی دیکەش لە پاش دۆڕانی تیمی میللی لە بەرامبەر تیمی بەحرەین دا، بە هیچ جۆر وای لە خەڵك نەکرد کە لە خۆپێشاندانی دواتردا بەشداری نەکەن.

لە روانگەی کۆمەڵناسییەوە، لە کۆمەڵگا دیکتاتۆر لێدراوەکان دا کە خەڵك رقیان لە حاکمییەتەو هیچ چەشنە بوارێکیان بۆ دەربڕینی نارەزایەتی نادرێتێ، لە هەر هەلومەرجێك کە دەرفەتی خۆپێشاندانێکی بەرینیان بۆ پێك بێنێ، کەڵك وەردەگرنو شایی و رقی خۆیان تێکەڵ بە رقو بێزاری لە حاکمییەت دەکەن. بە تایبەت لە سیستمی دیکتاتۆریی زاڵ بە سەر ئێران دا کە هەستی نەتەوایەتی بە توندی سەرکوت کراوەو لە بەرامبەر یەك دا راوەستانی هەستی مەزهەبیو هەستی نەتەوایەتی رۆژ بە رۆژ زیاتر لە لایەن رێژیمەوە پەرەی پێ دەدرێ، ئەمەش رەوایی رێژیمی خستوتە ژێر پرسیار بۆیە لە هەر دوو حاڵەتی بردنەوە یان دۆڕان دا، هاواری شاییو بێزاری خەڵك لەگەڵ تاوانبار کردنی رێژیم دا تێکەڵ دەکرێن.

ئەم جۆرە دژ کردەوانە لە روانگەو بیرکردنەوەی خەڵك لە بارەی هەڵوێستو کردەوەکانی پێشووی حاکمییەتییشەوە سەرچاوە دەگرن. رێژیمی ئێران هەر لە سەرەتاوە نە رێگەی داوە کە خەڵکی شایی بگێرنو نە بە رەسمی مافی دەربڕینی نارەزایەتیی پێ داون! بۆ دەربڕینی هەستو سۆزی بەرفراوانی خەڵك، بە تایبەت هەست و سۆزی ئەو لاوانەی کە شایی یا نارەزایەتیی خۆیان دەربڕن، هومێدێك بە نیشاندانی هەستی میللی لە رێگا قانوونییەکانەوە بەدی نەکراوە. لە ئاکام دا، دەربڕینی شاییو نارەزایەتی، بەرەبەرە دەبوونە هەڵوێست گرتن لە دژی حاکمییەتو بە شێوەی ناراستەوخۆ سەر پێچی لە سیاسەتەکانی حاکمییەتیان لێ دەکەوتەوە. بەڵام وادیارە هێدی هێدی ئەم دابو نەریتە میللییە بۆتە کەلتوورو جێگای خۆی گرتوە.

لەم نێوەداو بە دوای رووداوەکانی ئەم دوایانەدا، هەڵوێستی ریفۆرمخوازانی نێو دەسەڵات و لە سەرووی ئەوانەوە هەڵوێستی سەرکۆمار زۆر جێگای سەرنجە. بەر لە پەرەستاندنی شەپۆلی نارەزایەتییەکانی ئەم دوایانە، ریفورمخوازان کە بە رواڵەت، دەربڕینی شاییو خۆشیی لاوانیان بە دیاردەیەکی ئاسایی لە قەلەم دەدا، لە ئاست مافی نارەزایەتی دەربڕین بۆ لاوان دا بێدەنگەیان کردبووو هیچکات باسی ئەوەیان نەدەکرد کە لاوان چۆنو لە چ رێگایەکەوە دەتوانن نارەزایەتیی خۆیان دەربڕن.

ئەگەر لە سەرەتای هاتنە سەرکاری خاتەمیدا رۆژنامەکان دەرەتانێکی بچووکیان بۆ دەربڕینی بیرو بۆچوونەکان بۆ پێك هاتبوو بزووتنەوەی خوێندکاری بە تەواوی سەرکوت نەکرابوو، ئێستا روون نیە کە بۆ کانالیزە کردنی نارەزایەتیەکانو ویستەکان پەنا ببەنە بەر کوێ؟

←

لە پاش ئەم رووداوانە، خاتەمی نەك هەر هیچ چەشنە بەرپرسیاریتییەکی لە بەرامبەر پاشەکشێو شکستەکانیدا (کە دلساردی و بێ هیوایی بەرچاوی خەلکی لە بەردەوامبوونی رەوتی ریفۆرمەکانی لێ کەوتۆتەوە) وەئەستۆ نەگرت. بەلکوو بە راشکاوی تیکرای خۆپیشاندەرانو نارەزاییانی بە بەرەڵلاو چەقۆکیشو موعتاد ناو بردو گوتی:"لە نیو کۆمەڵ دا هەمیشە کەسانیك هەن ئاژاوە دەگیرنو ریوشوینەکان پیشیل دەکەن، لە مەواددی موخەدیر کەلك وەردەگرن، دزی دەکەن، ئاژاوە دەنینەوە. ئەم جۆرە کەسانە هەمیشە لە نیو کۆمەل دا هەن. لەگەڵ ئەمانەدا دەبێ بە توندی بەرخورد بکرێ، وەك ئەو رەفتارەی کە لەگەڵ تاونبارەکان دا دەکرێ.(سەید محەممەد خاتەمی١/٨/٨٠). وادیارە سەرکۆمار لەو ماوەیەدا کە خامەنەیی بە بیانووی نەخۆشی، دەرنەدەکەوت نەخشی ناوبراویشی لە چونیەتیی هەلویست گرتن لە بەرامبەر ئەم رووداوانەدا وەئەستۆ گرتبێ. ئەگەر خاتەمی پیشتر ـ لە بەر پاراستنی روالەتیش بووبێ ـ هەولی دەدا بۆچوونەکانی بە راویژیکی جوانو ریکوپیك دەربرێ، بەڵام ئەمجارە بە بێ پاراستنی هیچ سنووریك ئەو کەسانەی ـ هەروەك بەردەوام دووپاتی دەکردەوە ـ بە دەنگی ئەوان بە سەرکۆماری هەڵ بژیردراوەو ئیستا لە دروشمو قسە جوانەکانی نائومیدو دلسارد بونەتەوە، وەك بەرەڵلاو شەرانیو بێ سەرو بەرە ناو بردن! وادیارە خاتەمی پیی وایە خەلك دروشمەکانی "بژی نەیارەکەم"و"لە ململانیی نیوان دینو ئازادی دا، دین دەیدۆرینێ"یو. . . لە بیر چۆتەوە. ئەگەر مەبەستی لەم دروشمانە تەنیا راکیشانی دەنگی دەنگدەران بووە دەبێ چاوەروانی دژ کردەوەو خۆپیشاندانی بەربلاوتریش بێ.

خەلك زۆر جار بۆیان دەرکەوتوە کە خاتەمی نەك هەر بچووکترین ماف بە نەیارەکانی حکوومەتەکەی نادا، بەلکوو بە بێ دەنگیی بەردەوامی خۆی، بە کردەوە پشتیوانی لەو هیرشە توندو بێ بەزەیییانە دەکا کە دەکرینە سەر جیابیران! ناوبراو تەنانەت چارە سەر کردنی دەردەکان بە قسەی خۆش (گفتار درمانی)یشی وەلاناوەو ویدەچی لە داهاتوویەکی نزیك دا دروشمی "بمرێ نەیارەکەم" هەل گرێ. خەلکی شاهیدن کە هەموو رۆژێ بە بیانووی دژایەتی لەگەڵ دینی حکوومەتیدا، ئازادیخوازانی وڵاتەکەیان تووشی زیندانو ئەشکەنجە دەبنو سووکایەتییان پێ دەکرێو خاتەمی تەنانەت ئامادە نیە کە داکۆکی لە تیکۆشەرانی میللی ـ مەزهەبیش بکاو لەم پیوەندییەدا هیچ هەنگاویکی هەڵ نەگرتوە.

ژنانی وڵاتەکەمان کە خاتەمی ئیددیعای گەراندنەوەی مافە پیشیلکراوەکانیانی دەکرد ـ راستیی قسەکانو رادەی متمانەی سەرکۆماریان لە کاتی ناساندنی کابینەی نویی خۆیدا بۆ دەرکەت! خاتەمی سووکایەتییەکی ئاشکرای بە ژنانی ئیران کرد چونکە سپاردنی وەزارەت بەوانی وەك "ریسکیکی گەورە" ناو بردبوو کە "دەبوا خۆی لێ بپاریزێ"!

خویندکاران کە لە راستی دا گەورەترین پشتیوانانی خاتەمی بوونو زیاتر لە هەموان یارمەتیی سەرکەوتنی دەولەتی بە ناو ریفۆرمخوازیان دابوو، خۆیان وەك دەسکەلاو ئامرازیك لە خزمەتی ئامانجە هەلپەرستانەکانی خاتەمیدا دیتە بەر چاو! لە هەر شوینیك پیویستی بە هیزی فیکریو جەستەیی ئەوان بووە. . . ناوو نازناوی جوانیان پێ بەخشراوەو لەگەڵ دەست پیکردنی هەر دەورەیەکی سەرکوتیش ، ویرای ئەوەکە زۆرترین خەسارەتیان لێ کەوتوە، بەلەدین دەرچوو، دژە دین و بێ هوویەت، لایەنگری رۆژئاواو لەم دوایانەش دا بە بەرلڵا ناودیر کراون.

خاتەمی ئەمجارە لە بەرامبەر ویستە رەواکانی ژنانو پیاوان بە تایبەت لاوانو خویندکارانی وەزالەهاتووی ئیران دا بە سیمایەکی جیاواز لە سیمای جارانی کە ئاویتەیەك بوو لە زەردەخەنەو گریان، هاتە مەیدانو بە پیشاندانی سیمای نالەباری بزەو جنیو! ـ تیکرای خۆپیشاندەرانی بە ئاژاوەگیر، دزو موعتاد ناوبرد. دەبێ لە داریژەرو تیئوریسینی وتوویژی شارستانەتییەکان پرسیار بکرێ کە لە کام شارستانەتی دنیادا موعتادو دزەکان، دروشمی ئازادیی زیندانییە سیاسییەکانیان بەرز کردۆتەوە؟ لە کام کۆمەلگەدا، بەرەڵلاو بێ سەرو بەرەکان توانیویانە بەیەك دەنگ سروودی میلliی پیشووی وڵاتەکەیان بخوینەوەو داوای وەدیهینانی بەلینەکانی لەمەر کۆمەلگەی شارستانی، خەلك سالاریو ئازادی بکەن؟ ئەوەتا خاتەمی دەیەوێ بە شیوەی دیکتاتۆرە ناسراوەکانی میژوو وڵامی خەلك بداتەوە. وانیشان دەدا کە هیچ ئاگایەکی لە بەسەر هاتو چارەنووسی دیکتاتورەکان لە کۆمەلگا جیاجیاکان دا نیە!

بەڵام سەرنج راکیشترین خاڵ لەم پیوەندییەدا یەکەمین هەنگاوی خاتەمی بە دوای ئەم رووداوانە دایە: بەیانیی رۆژی ٣٠ی رەزبەر خاتەمی خۆی گەیاندە مەجلیسو بە بیانووی خویندنەوەی یەکەم راپۆرتی چالاکیی بەرنامە سیهەمی پەرەپیدان، هەولیدا کە بە هینانەوەی ئاماری سەرکەوتنەکانی خۆی لە سالی ٧٩دا بیری خەلکی بە لارێ دا بەرێ! ئەویش ریزە ئاماریك کە لە سالەکانی بە ناو ئاوەدان کردنەوە(دوران بازسازی)ی رەفسەنجانیی وەبیر خەلك دینایەوە! ئامارەسازییەك کە دیهەویست شکستی دەولەت لە بواری ئابوورییەوە، بە دوای داشکانی نرخی نەوت دا، بشاریتەوە! بەڵام خەلکی ئیران بە تەواوی وجوودیانەوە راستیەکانی پیوەندیدار بە هەنگاوەکانی دەولەتیان هەست پێ کردوونو ئەوان لە ئیددیعای گەشەپیدانی ئابووریی دەولەتی ریفۆرمخواز (وەك پەرەپیدانی سیاسی سالەکانی سەرەتای دەولەتی خاتەمی) بە باشی تێ گەیشتوون! بۆیە ئەو ئامارسازییەش هیچی بۆ خاتەمی لێ شین نەبووو هەر سێ رۆژ پاش خویندنەوەی راپورتەکە، بە دوای سەرکەوتنی تیمی فووتبالی ئیران بە سەر تیمی ئیمارات دا، دیسان بە دەیان هەزار کەس رژانە سەر شەقامەکانو دەستیان بە خۆپیشاندان کرد، جیاوازی ئەو خۆپیشاندانە لەگەڵ خۆپیشاندانەکانی پیشوودا لەوەدابوو کە ئەمجارە خەلك ویستو داخوازەکانی خۆیان زۆر روونترو راستگۆیانەتر هینانە گۆرێو هاوارە کەشیان گەلیك بەرزترو زولاڵتر بوو!

رەنگە دیسان هەوڵ بدەن کە ئەم هاوارانە بە شیوەیەکی بێبەزەییانە سەرکوت بکرین. رەنگە لایەنگرانی خاتەمی هەوڵ بدەن ناوو ناتۆرەی ناشیرین تر بۆ سەردیری رۆژنامەکانی خۆیان هەڵ بژیرن! بیانەوێ بەشداریی کۆمەلانی خەلك لە خۆپیشاندانەکان دا پەردە پۆش بکەنو هەوڵ بدەن پایەکانی ریژیم بە بەرەلیخ راگرن. بەڵام بیگۆمان ئەو هاوارانە وەها دەبنە هۆی بنکۆڵ بوونو رووخانی پایەکانی ئەو ریژیمە کە بۆ هەتا هەتایە لە بیر نەکرێ! ☼

**رادیۆ دەنگی کوردستانی ئیران**

**هەموو رۆژێ**

**بەیانیان سەعات ٧ تا ٩**

**ئیواران سەعات ٧/٥ تا ٩/٥**

**بەکاتی تاران**

**لەسەر شەپۆلی کورتی ٧٥ میتر (فریکانسی ٣٩٨٥ کیلۆهیرتز) بە دوو زمانی کوردیو فارسی بەرنامە بلاو دەکاتەوە.**

# دیاردەی خۆسووتاندنی ژنان لە کوردستان دا

دریژەی لاپەڕی ١

داوە کە ٦٣٪ی ئەو خۆکوژییانە لە لایەن ژنانەوە بووە. هەر لەو ئوستانەدا لە ساڵی ٧٩دا ٣٤٨ کردەوەی خۆکوژی رووی داوە کە ٦٥٪یان لەلایەن ژنانەوە بوون. لە ئوستانی کرماشانیش لە ساڵی ٧٦دا ٦٢/٦٪، لە ساڵی ٧٧دا ٦٣/٥٪و لە ساڵی ٧٨دا ٦٥/١٪ی خۆکوژییەکان لە نێو ژنان دا روویان داوە، کە گرووپی تەمەن ١٩ـ ١٥ ساڵەو ٢٩ـ ٢٠ ساڵە زیاترین رادەی خۆکوژییان لە خۆگرتوە.(١) لە ساڵی ٧٦دا لە شاری سنە نێونجی تەمەنی ئەو کەسانەی خۆیان سووتاندوە ٢٤ ساڵە، کە ٦٧٪ی ئەو کەسانە ماڵدارو ٣٨/٣٪ی ئەوان خوێندەوار بوون.

زۆربەی ئەو ژنانە بۆ دەربازبوون لە بارودۆخی نالەباری ژیانیانو هەروەها بۆ ئەوەی هاوارو سکاڵای خۆیان لە دەست ستەم بگەیەننە جیهانی دەرەوەی ژیانیان، پەنایان بۆ خۆکوژی بردوەو بۆ ئەم کارە پەنادەبەنە بەر خراپترین شێوەی خۆکوژی واتە خۆسووتاندن، تا لەم رێگایەوە ـ پڕئازارترین رێگەی خۆکوژی ـ ستەم لێکراویی خۆیان بە هەمووان نیشان بدەن. زۆربەی ئەوانە نایانهەوێ بە تەواوی بسووتێنو چرای ژیانیان بکوژێتەوە، بەڵکوو تەنیا دەیانەوێ ئەو کەسانە کە ساڵانێکە سووکایەتییان پێدەکەنو دەیانچەوسێننەوە، بترسێننو فشاری رۆحیو جیسمانی لە سەر خۆیان کەم کەنەوە، بەڵام گڕکانی ئاور ئەو ئاواتەشیان هەڵدەپڕووزێنێو بەچۆکیان دا دێنێ.

یەکێك لەو هۆیانەی کە لە سەرهەڵدانی ئەم تراژیدییایەدا نەخشی سەرەکیی هەیە لە پلەی یەکەم دا دەگەڕێتەوە بۆ هەژاریی فەرهەنگیو ئابووری. لە ئوستانەکانی رۆژئاوای وڵات دا ئاستی خوێندەواریی خەڵك بە تایبەتی ژنان بە هۆی کەمتەرخەمیی دەسەڵاتدارانو نەداریی لە رادەبەدەر کە لە چاو ناوچەکانی دیکەی ئێران زۆر لە خوارەوەیە، زۆربەی کچانو کوڕانی ئەو ناوچەیە لە خوێندن دادەبڕێنو ئیدارەی پەروەردەو فێرکردنیش بە هۆی لاوازیو سەختگیریی بێ هۆ، زەینی قوتابیان تێك دەداو بەشێکیان دەست لە خوێندن هەڵدەگرن. ئەوە لە حاڵێك دایە چوونەسەری ئاستی خوێندەواری نەخشی کاریگەرو راستەوخۆی لەسەر وشیاریی کۆمەڵایەتیو تێگەیشتووییو عەقڵانی بوونی کۆمەڵگا هەیەو لە روودانی ئەم جۆرە کارانە پێشگیری دەکا. هەروەها لە ناوچەکانی رۆژئاوای وڵات دا دەیان دیاردەی دزێوی کۆمەڵایەتی تەنگی بە خەڵکی ئەو ناوچەیە بە تایبەتی ژنان هەڵچنیوەو چوارچێوەی ژیانیانی هێندەی دیکە لێ بەرتەسك کردونەتەوە. لە ئوستانی ئیلام کە زیاترین ئاماری خۆسووتاندنی لەخۆ گرتوە، ژنان لە سەرەتایی ترین مافی خۆیان کە هەڵبژاردنی هاوبەشی ژیانە، بێبەشنو، کەسوکاریان بۆچوونی خۆیانیان بەسەردا دەسەپێننوناچار بە ژیانی هاوبەشی ئیجباری دەکرێنو ئەم دیاردەیە لە ئوستانەکانی کرماشانو کوردستانیش دا بەرچاو دەکەوێ. زۆربەی ئەو کەسانە لە ئاکامی سەپاندنی ژیانی هاوبەش، زوو بە شوودان، بە زۆر بە شوودان، ژن بە ژنە، لێ ئەستاندنی مافی هەڵبژاردنی هاوسەرو. . . پەنایان بردۆتە بەرخۆسووتاندن. هێندێك لە کچانیش کە بۆ کوژاندنەوەی ئاوری ناکۆکیی رقەبەرایەتیی نێوان عەشیرە، تایفەو بنەماڵەکان وەك "خوێن بایی" پێشکەش بە لایەنی بەرامبەر دەکرێنو لە راستیدا دەبنە قۆچی قوربانیی ئەو ناکۆکییانە. هێندێکیش هەر بە مێرمنداڵیو تەنانەت بە منداڵی بە بیانووی نابەجێو هێندێك جاریش بۆ وەدەست هێنانی پووڵو سەروەت لە پیاوانی بەتەمەنو بە ساڵدا چوو مارە دەکرێن.

ئیدی لە ژێر ئاکامی ئەو وەزعەدا، هیچ دڵخۆشییەکیان بە ژیان نامێنێو بە ناچار پەنا بۆ خۆسووتاندن دەبەن. بە بێ ئەوەی تا ئێستا هیچ لیکۆلینەوەیەکی شویندانەرو ناسینەر لەم دیاردەیە بکرێ یا ئەوانەی راستەوخۆو ناراستەوخۆ دەبنە هۆی خۆسووتاندنی ژنان لیپرسینەوەیان لی بکرێ.

سەرەرای ئەوە کە ئەو ناوچانە بە دەست هەژاریی فەرهەنگییەوە دەناڵینن، بە دریژایی میژووش لە لایەن دەسەڵاتدارانەوە چەوسینراونەتەوەو بواری گەشە سەندنی فەرهەنگییان لی زەوت کراوە. لە کۆماری ئیسلامیدا هەوڵ دراوە لە ژیر ناوی "شۆرشی فەرهەنگی" دا، نەریتی ئاخوندییش بەسەر خەلك دا بسەپیننو، هیندەی دیکەش لە دواکەوتوویی دا بیانهیلنەوە. بۆ نموونە لە سالی ١٣٧٠دا بۆ تەمەنی شووکردنیان تا ٩ ساڵ هینایە خوارێ. بە پالپشتی ئەم بە ناو قانوونە، ژیانی سەدان منداڵ بووە قوربانیی ئەو بر یارە، بە بێ ئەوەی گوێ بدەنە ئەو پەیماننامە نیونەتەوەییانە کە کۆماری ئیسلامی پەسندی کردوون.

جیا لە ژیانە داسەپاوە نەخوازراوەکان، کیشەی بنەماڵەیی، گومانو دردۆنگی لە رادەبەدەری پیاوان دەرحەق بە ژنان، نەبوونی پیوەندییەکی پیناسە کراوی نیوان ژنو پیاو و. . . لە پەنا فەقیریو نەداری کاری کردۆتە سەر پەنابردنی ژنانو پیاوان بۆ خۆسووتاندن لەو ناوچانەدا. چونکە زۆربەی بنەمالەکان مندالی زۆریان هەیە، گرفتی ئابووری فشاریکی لەرادەبەدەر دەخاتە سەریان. زۆربوونی ئەندامانی بنەمالەش بەشیکی دەگەریتەوە بۆ ئەو دروشمانەی کە دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی لە کاتی شەری ئیرانو عیراق دا بەرزیان کردبۆوەو هەروەها نەبوونی بەرنامەیەکی زانستیی چر بە مەبەستی پیشگیری لە مندالبوونی زیاتر. حکوومەتی کۆماری ئیسلامی بۆ بردنە سەری پایەی ژیانی خەلکی ئەو ناوچانە هەنگاوی پیویست هەڵناگرێو ئەو ناوچانە هەروا لە دواکەوتوویی دا ماونەتەوە. یەکیکیتر لەو هۆیانەی هاندەری ژنانو پیاوانە بۆ خۆسووتاندن، نەخۆشیی رەوانیو خەمۆکییە کە بە هۆی گرفتی جۆراوجۆری ژیان تووشی دەبن وەك ئەو هۆیانەی کە لە سەرەوە باس کرانو هەروەها برەوپیدانی فەرهەنگی شینو گریان، نەبوونی شادیو "تنوع"ی جۆراوجۆر، بایەخنەدان بە "نشاط ملی"و . . . . لە ژیر سیبەری حکوومەتی کۆماری ئیسلامیدا، ژمارەی ئەو کەسانەی کە گیرۆدەی گرفتی "دەروونی" بوون لە نیوان ١١/٥٪ تا ٢٣/٥٪ دان، ئەم ریژەیە زیاتر لە ٧ تا ١٠ میلیۆن کەس لە حەشیمەتی وڵات دەگریتەوەو، تەواوی ئەو کەسانە پیویستیان بە راویژو راویژکار هەیە.

لەم پیوەندییەدا بەرپرسی زانستگەی پزیشکیی ئیلام دەلێ: هۆی لی نەپرسینەوە، لەم جۆرە گرفتانە، نەبوونی کەرەسەی تایبەتییە. بەم جۆرە ئۆبالی لەنیوچوونی ئەو ئینسانانە بە نەبوونی پیداویستییەکان پاساو دەدەن، کە بەراستی ئەمە بێتواناییو داماوی هەرچی زیاتری بەرپرسانی ریژیم لە بەرامبەر ئەم جۆرە دیاردانە دەردەخا. بۆ بەرەنگار بوونەوە لەگەڵ ئەم گرفتانە گۆرانکاریی جیددی لە یاساکانی پشتیوانی لە بنەمالەکانو هەروەها ئالوگۆری بنەرەتی لە مافەکانی ژنانو گونجاندنیان لە گەڵ مافەکانی نیونەتەوەیی لە پەنا سەرنجدان بە وەزعی نالەباری ژیانو چارەسەری گرفتی فەقرو نەداریو بردنەسەری پلەی زانیاریو خویندەواریی گشتی بە تایبەتی بۆ خەلکی ئەم ناوچانە لە پیویستییە سەرەکییەکانن. ☼

***بۆ ئامادەکردنی ئەم بابەتە سوود لەو سەرچاوانە وەرگیراوە:***

ئینتیرنیت، رۆژنامەی "کوردستان" ژمارەی ٣٠٨، رۆژنامەی "همشهری" ١١ی خەرمانانی ١٣٨٠ ل ٣

# تێکۆشان لە دەرەوەی وڵات

## سوئێد

رۆژی شەممە ٢٣ی ئوکتوبری ساڵی ٢٠٠١ هاورێ حەسەن قارەمانی نوێنەری حیزبو بەرپرسی کۆمیتەی حیزب لە وڵاتی سوئێد چاوی بە خانمی ماریانا ئاندێرسۆن ئەندامی پارلمانی سوئێدو ئەندامی کۆمیسیونی دەرەوەی حیزبی سەنتەر لە پارلمانی سوئێد کەوت. لەم چاوپێکەوتنەدا کە دوو ساعتی خایاند کێشەی کورد لە رۆژهەلاتی نێوەراست بە گشتیو کوردەکانی ئێران بە تایبەتی و فەرقو جیاوازی دانانی نەتەوەییو مەزهەبی لە ئێران دژی کوردەکانو ناکۆکیی نێوان باڵەکانی رێژیم هاتنە بەر باسو لێدوان.

لە بەشێکی دیکەی ئەو چاوپێکەوتنەدا لە سەر هەڵبژاردنی دووبارەی خاتەمی و ئەوەی کە ئەم هەڵبژاردنە نەبۆتە هۆی هیچ ئاڵوگۆرێك، باس کراو پێ لە سەر ئەم راستییە داگیرا کە کوردستان هەروا ناوچەیەکی میلیتاریزەیەو رێگا بە هەواڵنێران نادرێت کە راپۆرتو هەواڵ لە سەر کوردستان ئامادە بکەن. خانمی ئاندێرسۆن کە بۆ خۆی یەکێك لە داکۆکیکەرانی مافەکانی مرۆڤە رای گەیاند کە وڵاتانی ئورووپاییو سوئێد بە تایبەتی دەبێ لە روانگەیەکی مێژووییو مرۆڤانەوە یارمەتی و چارەسەری کێشەی کورد بدەن.

⁂

رۆژی شەممە٢٧/١٠/٢٠٠١ی زایینی ئەندامانی کۆمیتەی حیزب لە شاری کارلستاد چاویان بە "ستورە ئارنەسۆن" ئەندامی پارلمانو ئەندامی رێبەری حیزبی چەپی سوئێد لە کارلستادو هەروەها ئەندامانی شوورای بەرزی شاری کارلستاد، کەوت.

لەو چاوپێکەوتنە دۆستانەیەدا لە لایەن یەکێك لە ئەندامانی کۆمیتەی حیزبەوە لە سەر کورتە مێژووو هەڵوێستو روانگەکانی حیزب قسە کراو کردەوە دژی ئینسانییەکانی کۆماری ئیسلامیو پێشێل کردنی مافە سیاسیو ئینسانییەکانی گەلی کورد لە کوردستانی ئێرانو تیرۆری رێبەرانی حیزب لە لایەن رێژیمەوەو بریاری دادگای میکونووس کەوتنە بەر باس.

لەو دیدارەدا بەرێز"ستورە ئارنەسۆن"خۆشحاڵی خۆی لەو چاوپێکەوتنە راگەیاندو لە سەر پێویستیی پشتیوانی لە پیکهاتنی کونفرانسیکی نیونەتەوەیی بە مەبەستی چارەسەری ئاشتیخوازانەی کیشەی کورد پیی داگرت.

⁂

رۆژی شەممە ٢٧ی ئۆکتوبری ٢٠٠١ی زایینی نوینەری کومیتەی حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئیران لە سوئید لەگەڵ نوینەرانو بەرپرسانی کۆمیتەی هاوپیوەندیی گەلانی ژیر ستەمی ئیران لە شاری یوتەبوریی سوئید چاوپیکەوتنی کرد. لەو چاوپیکەوتنە چەند سەعاتەیەدا مەسەلەکانی پیوەندیدار بە ئیران بە تایبەت مەسەلەکانی پیوەندیدار بە گەلانی ئیران کەوتنە بەرباسو ئالوگۆری بیرورایان لە سەر کراو بەریوەچوونی ئەو سمینارو کونفرانسانەی لەم دوایانەدا سەبارەت بە مەسەلەی نەتەوایەتی لە ئیران دا بە تایبەت لە دەرەوەی وڵات پیك هاتبوون، بە باش هەڵ سەنگیندرانو لە سەر دریژەی ئەوان پێ داگیرا.

## سویس

رۆژی شەممە ٢٠/١٠/٢٠٠١ لە لایەن کۆمیتەی حیزب لە سویس کۆبوونەوەیەکی بەرین بۆ هاوریی بەریز کاك جەلیل گادانی ئەندامی ریبەرایەتیی حیزب لە سالۆنی یەکیك لە هوتیلەکانی شاری بیرنی پیتەختی ئەو وڵاتە پیك هات. لەم کۆبوونەوەیەدا کە بە بەشداریی دەیان کەس لە ئەندامان و لایەنگرانی حیزبو کوردی پارچەکانی دیکەی کوردستانو نوینەرانی بەشیك لە حیزبو ریکخراوە سیاسییەکانی کوردستانو ئیران پیك هات، سەرەتا دەقیقەیەك بیدەنگی بۆ ریزنان لە یادی شەهیدانی حیزبو گەل راگەیەندراو پاشان لە لایەن بەرپرسی کۆمیتەی حیزب بە خیرهاتنی بەشداران کرا و هاورێ جەلیل گادانی بەوان ناسیندرا. پاشان کاك جەلیل لە سەر حاکمییەتی کۆماری ئیسلامیو کارنامەی پر لە جینایەتی ریژیم دژی گەلی کوردو گەلانی دیکەی ئیران و، هەروەها تەحریمی هەشتەمین دەورەی هەلبژاردنی سەرۆك کۆماری و روانگەو هەلویستی حیزب لەم بارەیەوەو بارودۆخی ئیستای جیهانو هیرشە تیرۆریستییەکانی ١١ی سیپتامبر قسەی کرد. لە بەشیکی دیکەی قسەکانیدا لە سەر هاوکاریی نیوان هیزو لایەنەکانی کوردستان لەدەرەوەی وڵاتو گرینگی و پیویستیی ئەم هاوکارییە دواو ویرای ئاماژە بە کردەوە جینایەتکارانەکانی ئەم دوایانەی تاقمی بە ناو"جند الاسلام" هەلویستی حیزبی لەم بارەیەوە بۆ بەشداران روون کردەوە. لە بەشی کۆتایی ئەو کۆبوونەوەیەدا هاورێ کاك جەلیل گادانی وڵامی پرسیاری بەشدارانی دایەوە. ئەو هیزو لایەنانەی ئەندامانو لایەنگرانیان لەو کۆبوونەوەیەدا بەشدار بوون بریتی بوون لە ١ـ پارتی دیموکراتی کوردستانی عیراق ٢ـ پارتی یەکیەتیی کورد لە سووریە٣ـ ریکخراوی "اتحاد فدائیان خلق ایران" لقی سویس.

بە دوای ئەو کۆبوونەوەیەدا هاورێ کاك جەلیل گادانی لە سەر داوای نوینەرانی پارتی دیموکراتی کورد لە سووریە لقی سویس، لە دانیشتنی هاوبەشی ئەم حیزبەو نوینەرانی حیزبەکەمان دا بەشدار بوو.

## ئینگلیستان

رۆژی ٣٠/١٠/٢٠٠١ لە لایەن کۆمیتەی حیزب لە "بیرمینگام" کۆبوونەوەیەك بە بەشداریی ئەندامانو لایەنگرانی حیزب لەم شارەدا پیك هات. کۆبوونەوەکە بە سروودی"ئەی رەقیب" دەستی پێ کردو پاشان بۆ ریزگرتن لە یادی شەهیدانی حیزبو گەل دەقیقەیەك بیدەنگی راگەیەندرا. دوایە پەیامی کۆمیتەی حیزب لە "بیرمینگام" خویندرایەوە. لە بەشیکی دیکەی ئەو کۆبوونەوەیەدا کە بۆ باسی فەرهەنگی تەرخان کرابوو ریز لە شاعیری پایەبەرزی کورد مەولەوی گیراو دواتر یەکیك لە بەشداران پارچە شیعریکی خویندەوەو لە دریژەی بەرنامەکەدا گۆرانی و هەلپەرکیی کوردی پیشکەش کرا.

هەروەها رۆژی ٥/١٠/٢٠٠١ بەرپرسی کۆمیتەی بریتانیای حیزب سەردانی کۆمیتەی فەرعیی "بیرمنیگام"ی کردو لەگەڵ ئەندامانی حیزب لەو ناوچەیەدا کۆبوونەوەیەکی پیك هیناو لە سەر تیکۆشانو ئەرکەکانی ئەندامانی حیزبو رووداوەکانی رۆژ قسەی کردو لە کۆتاییدا وڵامی پرسیاری بەشدارانی دایەوە. هەروەها رۆژی ٢٠/١٠/٢٠٠١یش هاورییان هاشمی کەریمیو مەولوود سوارە سەردانی بیرمینگامیان کردو لەگەڵ ئەندامانی کۆمیتەی فەرعیی حیزب لەم ناوچەیەدا کۆبوونەوەو لەو کۆبوونەوەیەدا هاور یی بەر یز هاشمی کەریمی لە سەر رووداوەکانی ئەم دوایانە بە تایبەتی کارەساتی دلتەزینی ١١ی سیپتامبر لە ئەمریکا قسەی کردو کاك مەولوود سوارەش وڵامی پرسیارەکانی دایەوە.

هەروەها لەو کۆبوونەوەیەدا بریاری دامەزراندنی کۆمیتەیەکی فەرعی لە شاری نیوکاسیل دا درا.

## دانمارك

لە سەر بریاری کۆمیتەی حیزب لە دانمارك نوینەرانی ئەو کۆمیتەیە لە شارەکانی بوغونسیلو ، ئالبورك، ئاغوس،واینو ئووبن، لەگەڵ ئەندامانی حیزب کۆبوونەوە. لەو کۆبوونەوانەدا مەسەلە سیاسییەکانی جیهان ، ئیرانو کوردستان کەوتنە بەرباس. هەر لەو کۆبوونەوانەدا هیندیك بریار بۆ باش بەریوە چوونی کاروباری حیزبی دران.

⁂

# هەوڵێکی بێ ئاکام

ڕێژیمی کۆنەپەرستی کۆماری ئیسلامی لەسەر دژایەتیی خۆی لەگەڵ هەرچەشنە ئامرازو دیاردەیەکی پێشکەوتنو گەشەکردن لە گشت بوارەکانەوەو بەتایبەت لە بوارەکانی سیاسیو فەرهەنگیدا هەروا بەردەوامە. ئەم ڕێژیمە هەر لە سەرەتای بە دەسەڵات گەیشتنیەوە، لەلایەکەوە هەوڵی داوە ژیانی خەڵك بەتوندی بخاتە ژێر چاوەدێرییەوەو لەلایەکی دیکەوە لە نێو ئەو سنوورو چوارچێوەیەدا کە بۆخۆی دیاری کردوە، قەتیس بکا. بۆ جێبەجێکردنی ئەم بۆچوونەش، لە هەڵگرتنی هیچ هەنگاوێکی ناتەبا لەگەڵ پرنسیپە نوێیەکانی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی سڵی نەکردۆتەوە. لە ڕاستیدا ڕێژیم تەواوی هێزی خۆی بەکار هێناوە تا خەڵکی ئێران ناچار بکا مل بۆ سیاسەتەکانی ڕاکێشنو هەروەها بە پێچەوانەی ویستەکانی نەجووڵێنەوە.

ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بەمەبەستی سەرکوتی خۆپیشاندانە ئیعتیرازییەکانی لاوان، لەم ڕۆژانەدا مەسەلەی قەدەغەبوونی کەڵك وەرگرتنی لە ئانتینە ماهوارەییەکانی هێناوەتە گۆڕێو لە هەوڵی ئەوە دایە کە کاناڵە تەلەویزیۆنییە ماهوارەییەکان وەك یەکێك لە هۆکارەکانی خۆپێشاندانەکانی لاوان لە قەڵەم بداو ئەمە بکاتە بیانوویەك بۆ کۆکردنەوەی ئانتینە ماهوارەییەکان. ڕێژیمی ئیسلامی ئاگای لەو ڕاستییە نیە کە ئیدی سەردەمی پێکهێنانی ئەم چەشنە چوارچێوە بەرتەسکانە بەسەر چووە. بێگومان تێگەیشتنی کۆمەڵگەی وشیاری ئێران لەو کردەوانەی ڕێژیم بەتەواوی لەگەڵ ئەو مەبەستانەی ڕێژیم لە بیری پەردەپۆش کردنیان دایە، جیاوازە.

خەڵکی تێگەیشتووی وڵاتەکەمان، سیاسەتو کردەوەکانی ڕێژیمیان بەباشی ناسیونو وەك ڕۆژ لەلایان روونە. خۆپێشاندانەکانی لاوانو کۆمەڵانی دیکەی خەڵکی ئێران، نەك هەر پێوەندییەکی ئەوتۆیان بە هاندانو هەڵخڕاندن لە دەرەوەی وڵات دا نیە، بەڵکوو لە ویستو داخوازە ڕەواو ئینسانییەکانی خەڵکەوە سەرچاوە دەگرن.

کردەوەی ڕێژیمی کۆنەپەرستی کۆماری ئیسلامی لەماوەی بیستو سێ ساڵی ڕابردوو لە بوارە جۆراوجۆرەکان دا پیشاندەری ئەو ڕاستییەیە کە ئەم ڕێژیمە دژی هەر چەشنە کەرەستەیەکی پێوەندیگرتنە کە زەمینەی پێوەندیی خەڵکی ئێران لەگەڵ دنیای دەرەوەدا پێك بێنێو بە گشتی لەگەڵ هەرچەشنە دیاردەیەك کە لەگەڵ بیروبۆچوونەکانی ئەم ڕێژیمەدا یەك نەگرێتەوەو لەلایەن ئەوانەوە چوارچێوەی بۆ دانەنرێ، دژایەتی دەکەن. ئەم ڕێژیمە هەروەك ڕێژیمە دیکتاتۆرییەکانی دیکە لەو باوەڕەدایە کە ئەگەر خەڵکی وڵاتەکەی لەگەڵ دنیایەکی دیکەو بیروبۆچوونێکی جیاواز لە بیروبۆچوونەکانی ئەو ئاشنا بن، گەلێك باشتر هەست بە ناتەبایی بیروبۆچوونەکانی ئەو ڕێژیمەیان لەگەڵ تایبەتمەندییەکانی دنیای نوێداو ڕادەی کۆنەپەرستییەکەی دەکەن.

ڕێبەرانی ڕێژیم ئاگایان لەو ڕاستییە نیە کە پشتگیری لە پێوەندگرتن بە دنیای دەرەوە، شتێکە سەر ناگرێو هەرچەشنە هەواڵێك لەم پێناوەدا هەروەك ئەزموونەکانی ڕابردوویان، تەنیا پەلەقاژەیەکی بێ سوودە.

کۆکردنەوەی بە هەزاران ئانتێنی ماهوارەییو زیندانی کردنی ژمارەیەك لە هاونیشتمانانمان بەتۆمەتی کەڵك وەرگرتن لە ئانتینی ماهوارەیی سەرەڕای ئەو چەشنە چاوپۆشییەی لەماوەی دوو سێ ساڵی ڕابردوودا لەلایەن بەرپرسانی کۆماری ئیسلامییەوە ڕەچاو کراوە، لە ڕاستیدا نیشانەی ترسو نیگەرانییەکانی کاربەدەستانو بە تایبەت بەرپرسانی پلەیەکی ڕێژیم لە پەرە گرتنی حەرەکەتی نارەزایەتیی خەڵکە.

پێداگرتنی دووبارەی ڕێبەرانی ڕێژیم لەسەر قەدەغەکردنی کەڵك وەرگرتن لە ئانتێنە ماهوارەییەکانو ڕاگەیاندنی حوکمی کۆکردنەوەی ئەو چەشنە کەرەستانە بە مەئموورانی بەربەرەکانی لەگەڵ لادان لە "فساد"ە کۆمەڵایەتییەکان نەك هەر لەگەڵ دژایەتیی خەڵك بەرەوروو بووە، بەڵکو هێندێك لە نوێنەرانی مەجلیسیش بەم بۆنەیەوە نارەزایەتیی خۆیان دەربڕیوە. لەم پێوەندییەدا پوورفاتمی ئەندامی کۆمیسیونی فەرهەنگیی مەجلیس، ئەم هەوڵەی ڕێژێمی نەك هەر بە قازانجی کۆمەڵو تەنانەت کۆماری ئیسلامی نەزانی، بەڵکوو بە هاندەری خەڵکی بۆ کەڵك وەرگرتن لەو ڕاگەیەنانە لە قەڵەم دا. ناوبراو ئەوەی وەبیر هێنایەوە کە ئەگەر وای دانێنین کە لە هەوڵی کۆکردنەوەی ئانتێنە ماهوارەییەکان سەرکەوتن وەدەست بێنین، بەڵام داخوا چۆن دەتوانین کامپیۆترو ئینترنێت کونترۆل بکەین؟

هاوکات لەگەڵ دەرچوونی بڕیاری ڕێژێم بۆ کۆکردنەوەی ئانتێنە ماهوارەییەکان، ژمارەیەك لە نوێنەرانی مەجلیس بە تەمان تا گەڵاڵەیەك بۆ لابردنی بەربەست لە سەر ڕێی کەڵك وەرگرتن لەو کەرەسانە بدەنە مەجلیس. بەڵام ئەگەر گەڵاڵەی ناوبراویش لە لایەن زۆربەی نوێنەرانی مەجلیسەوە پەسند بکرێ. مادام کە لەگەڵ دژایەتییو دژەبەریی بڕیاردەرانی سەروو قانوونەوە بەرەو ڕوو بێ، زۆر زەحمەتە بکرێتە یاسایەكو لە داهاتوودا کوسپو تەگەرەی نەخرێتە سەر ڕێ.

شایانی باسە ڕێژێمی کۆماری ئیسلامی ئێران لە کاتێك دا بە کۆتایی چاوپۆشی لەکەڵك وەرگرتن لە ئانتێنە ماهوارەییەکان دێنێو دووبارە پێ لە سەر کۆکردنەوەیان دادەگرێ. کە بۆ خۆی چەند کاناڵێکی جۆراوجۆری تەلەویزیۆنیی وەگەر خستوون تا لەم ڕێگایەوە سیاسەتو بۆ چوونەکانی خۆی بە سەرانسەری دنیادا بڵاو بکاتەوە.

بێگۆمان سوور بوونی ڕێژیم لە سەر مەسەڵەی کۆ کردنەوەی ئانتێنە ماهوارەییەکانو ڕێگە نەدان بە کەڵك وەرگرتن لەم کەرەستەیە هیچی بۆ بەرپرسانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لێ شین نابێو ئەگەر لە داهاتوودا ناچاریان نەکا کە بڕیاری قەدەغە بوونی کەڵك وەرگرتن لە ئانتێنە ماهوارەییەکان هەڵ وەشێنێتەوە، لانی کەم ناچاریان دەکا دیسان تا ڕادەیەك مل بۆ ئەو ڕاستیە ڕاکێشن کە لەم دوو سێ ساڵەدا بە ناچاری ملیان بۆ ڕاکێشا بوو. ❂

بۆ وەرگرتنی زانیاری لەسەر حیزبی دێمۆکراتیکوردستانی ئێران بڕوانە ئەم لاپەڕەیەی ئینتێرنێت:
http: // WWW. Pdk- iran. Org
e-mail:pdkiran@club- internet. fr

# ئوسامە بن لادن

## لە حوجرەوە تا مافیای ئەلقاعیدە!

ئامادەکردنی: زانکۆ

لە ڕۆژی سێشەممە ١١ی سیپتامبری ٢٠٠١ی زایینییەوە واتە لە ڕۆژی ڕفاندنو تەقاندنەوی چوار فرۆکەکەی ئەمریکاوە کە بوو بە هۆی کوشتنو بریندار کردنی هەزاران کەس، جارێکی تر ناوی "اسامە بن لادن"، کەوتەوە سەر زمانی خەڵك. با بزانین ئەم کابرایە کێیەو چۆنو بە چ شێوەیەك سەری هەڵداوەو بۆ چ ئامانجێك تۆڕی تیرۆریستیی ئەلقاعیدەی پێك هێناوە؟!

ئوسامە بن لادن لە ساڵی ١٩٥٤ی زایینی (١٣٣٢ی هەتاوی)دا لە شاری مەککە لە وڵاتی عەرەبستانی سعوودی لە دایك بووە. دایكو باوکی ناوبراو خەڵکی ئاوایی " رباط یاعشن" هەڵکەوتوو لە باشووری یەمەنن. ئوسامە لە ساڵی ١٩٦٩ ـ ١٩٥٨ی زایینی قۆناغەکانی سەرەتایی، ناوەندیو دواناوەندیی لە شاری مەککە تەواو کردو، دوایی چووە شاری "جدە" تا لە زانکۆی کارگێڕیو ئابووری (مدیریت و اقتصاد)دا درێژە بە خوێندن بدا. لە ساڵی ١٩٧٢ی زایینی موهەندیسیی عومرانی تەواو کرد.

باوکی ئوسامە مێعمارێکی میلیۆنێری دەیەی ٧٥ی زایینیو خاوەنی چەندین شیرکەتی ئاوەدانکردنەوەو ساختومان سازی بووە، کە ئوسامە یەکێك لە ٥٠ کورەکەی ئەو کابرا میلیونێرەی عەرەبستانە کە دوای تەواو کردنی زانکۆ، لە شیرکەتەکەی باوکی دا چاوەدێری بە سەر کارەکانی وەك: بیناکردنی فرۆکەخانەکان، دامەزراوە نیزامییەکانی سەر بە وەزارەتی بەرگری لە شارو دێهاتەکانی عەرەبستان، بیناکردنی کۆشکی پاشایی لەو وڵاتەو . . . دەکردو بەمجۆرە لە جەرەیانی هاوکاری لەگەڵ ئەندازیارانو مێعمارانی وڵاتانی بیانی بە تایبەتی ئورووپاییو ئەمریکایی دا، تەجروبەیەکی بەرفراوانی لەو بوارانەدا بەدەست هێنا. پرۆژەکانی ئەو لە بواری دروست کردنی ڕێگەوبان دا، یەکێك لە هۆکارەکانی بەهێز بوونی حکوومەتی ئەوکاتی عەرەبستان بوو، کە بەردەوام دەکەوتنە بەر هێرشی تایفەو عەشیرە جۆراوجۆرەکانو حکوومەت بە هۆی ئەو ڕێگایانەوە دەیتوانی بە خێرایی هێز بەرێتە سەر بەرهەڵستکارانو سەرکوتیان بکا.

ئوسامە لە قۆناغی سەرەتاییو ناوەندی لە وانەکانی مەزهەبی دا بەشدار دەبووو لە دوای تەواو کردنی خوێندنی زانستگەش بە توندی کەوتە ژێر کاریگەریی "شێخ عبدالمجید الزندانی" دامەزرێنەری بەشی موعجیزە زانستییەکانی قورئانو سوننەتی پێغەمبەر لە یەکیەتیی جیهانی ئیسلام لە شاری مەککە دا.

ئوسامە ساڵی ١٩٧٩ی زایینی لە عەرەبستانەوە خۆی گەیاندە ئەفغانستان تاکو لە شەڕ دژی هێزەکانی یەکیەتیی سۆڤیەتی ئەو کات دا کە خاکی ئەفغانستانیان داگیر کردبوو بەشداری بکا. حکوومەتی ئەوکاتی عەرەبستانیش بە پووڵو چەك لایەنگریی لە شەڕکەرانی ئەفغانی دەکرد، چونکە حکوومەتی سعوودی بوونی یەکیەتیی سۆڤیەت لە ناوچەی کەنداوی فارسی بە مەترسییەکی گەورە بۆ سەر خۆی دەزانیو کارناسانی نیزامیی سۆڤیەت لە یەمەنی جنووبیو ئیتیۆپی هەڵکەوتوو لە باشوورو باشووری ڕۆژهەڵاتی عەربستان حزووری چالاکانەیان هەبووو دەیانویست بە هەر شێوەیەك کە بگونجێ دەستیان بە نەوتی کەنداو رابگا. هەربۆیە وێدەچێ ئوسامە لە لایەن حکوومەتی ئەوکاتی عەرەبستانەوە رەوانەی ئەفغانستان کرابێ، تاکو سەرکردایەتیو سەرپەرستیی عەرەبەکان لە ئەفغانستان دا بکا. موجاهیدینی ئەفغانی لەبەرامبەر هێرشی هەواییو تۆپخانەی ئەرتەشی سوور بەرگرییەکی ئەوتۆیان پێنەدەکرا. هەربۆیە ئوسامە توانی موجاهیدە ئەفغانییەکان بۆ وە دەست هێنانی مووشەکی دژە هەوایی رووسیی "سام ٧" رازی بکاو ژمارەیەکی زۆری لەو مووشەکانە بە دەست هێنا، بەڵام بە زوویی دەرکەوت کە ئەو مووشەکانە کارایی لەباریان نیە، هەربۆیە ئوسامە رووی کردە سازمانی ئیتلاعاتیی ئەمریکا (CIA)و هەرەشەی لێکرد کە ئەگەر مووشەك هاوێژی "ئیستینگێر" نەخاتە ئیختیاری، لە ریزی موجاهیدە ئەفغانییەکان دێتە دەرێو گەڵاڵەکانی سازمانی سیا لە بارەی ئەفغانستانەوە، لە راگەیەنە گشتییەکان دا دەدرکێنێ. زیاد بوونی ئەو چەکە لە سیستمی دژی هەوایی موجاهیدینی ئەفغانی، زیانەکانی هێرشی ئاسمانیی سۆڤیەتی چەند بەرابەر کرد. هاتنی لاوانی عەرەب بۆ فێربوون لە کەمپە نیزامییەکانی سەر بە بن لادن دا گەیشتبووە ئەوپەری خۆی، بەجۆرێك کە نزیکەی ١٠ هەزار عەرەب لە ئەفغانستان لە باری نیزامییەوە رادەهێنران کە نیوەیان سعوودی بوون. ئوسامە لە نێوەراستی هەشتاکان دا لەگەڵ عەبدوڵڵا عەزام بۆ یارمەتیدانی هەرچی زیاتری موجاهیدینی ئەفغانی، دەفتەرێکی خەدەماتیی دامەزراندو دواتر لقەکانی ئەو دەفتەرە خەدەماتییەی لە سەرانسەری جیهان دا دامەزراندو لەم ڕێگایەوە کەلوپەلی پێویستو کەرەسەی شەڕی رەوانەی ئەفغانستان دەکرد.

لە کۆتایی هەشتاکان دا بن لادن لە عەزام جیا بۆوەو ڕێکخراوێکی نوێی بە ناوی ئەلقاعیدە دروست کردو لە دوای کوژرانی عەزام بە هۆی ڕووداوی ماشێنەکەی، دەفتەری خەدەماتیش تووشی جیابوونەوە بووو لاباڵە توندرەوەکانی هاتنە ناو ڕێکخراوی ئەلقاعیدە. دوای کشانەوەی ئەرتەشی سوور لە ئەفغانستان، ئوسامە لە ساڵی ١٩٩٠ گەڕایەوە بۆ عەرەبستانو بە هۆی دژایەتی لەگەڵ بنەماڵەی پاشای ریازەوە دەرکراو چوو بۆ بریتانیاو لەوێشەوە گەڕایەوە بۆ ئەفغانستانو، ئەمجارە بووبە یەکێك لە دوژمنە سەرەکییەکانی ئەمریکا. هۆیەکەشی هاتنی ئەرتەشی ئەمریکا بۆ نێو خاکی عەربستان بوو. ئوسامە لە ئەفغانستان سەرلەنوێ کەوتە راهێنانی ئەو هێزە ئیسلامییانەی کە خۆیان بۆ شەڕ ئامادە کردبووو، زۆربەی توانای خۆی بۆ کۆکردنەوەی هێزە ئیسلامییەکان لە دەوری یەك تەرخان کرد. ئەو لایەنگرو ئەندامانەی کە لە فێرگەکانی ئوسامە بن لادن دا دەورەیان دیبوو، لە هێندێك وڵاتی دەوروبەردا کەوتنە چالاکی.

ساڵی ١٩٩١ی زایینی بن لادن چووە سوودان، لەم بارەیەوە ئوسامە دەڵێ: "شیخ عبداللە عزام" دامەزرێنەری هەوەڵین گوردانی موجاهیدەکانی عەرەب لە ئەفغانستانو بەرپرسی دەفتەری موجاهیدەکانی عەرەب لە پیشاوەر ـ بە هۆی تەقینەوەی ماشێنەکەی لە ساڵی ١٩٨٩ لە پیشاوەر کوژراوو ئێمە زانیمان بە دوای کشانەوەی سۆڤیەت لە ئەفغانستان، سازمانی سیا، میسرو عەرەبستان پشتیان تێ کردینو نەخشەی لە نێوبردنی ←

ئێمەیان دارشتوە، تا بەو بەڵگانەی کە لە ئیختیار ئێمەدان‌و سەلمێنەری هاوکارییە چەند لایەنەکانمان لەگەڵ یەکترین، لە داهاتوودا نەبینە مەترسییەك بۆ ئەوان".

ئوسامە لە سوودان بە چاککردنەوەی نەخۆشخانەی سووبا، دروست کردنی دایەنگە، کەم ئەندامان‌و پیران، دروست کردنی کتێبخانەی "قبە الخضرا" لە مەیدانی ریکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان لە نیوەراستی خارتووم‌و. . . ، متمانەی "حسن الترابی"ی بە دەست هیناو دەستی کرد بە کرینی لیباس‌و کەوش بۆ ئەرتەشی سوودان لە ولاتی سووریەو، کەرەسەو پیداویستییەکانی شەری لە کانالی جۆراوجۆرەوە بۆ ئەو ولاتە دابین دەکردو تەنانەت بەرهەمی لۆکەو "صمغ"ی ئەو ولاتەی کری‌و دەست بەجێ نرخەکەیانی بە دولاری ئەمریکایی دا بە حکوومەتی سوودان. ئوسامە سەرمایەیەکی زۆری لە شیرکەت‌و بانکە جۆراوجۆرەکانی ئیسلامی وەك بانکی "فیصل"، همبستگی"و"توسعە"دا وەگەر خست‌و بوو بە خاوەنی دەیان شیرکەت‌و ناوەندی هەناردەو هاوردەو لە زۆربەی کات دا قەرزەکانی حکوومەتی خارتوومی مسۆگەر دەکردو لە بوارەکانی ریگا کیشان، بینا کردنی فرۆکەخانە، سەنعەت‌و کشتوکاڵ دا سەرمایەیەکی زۆری بە دەست هینا. پیوەندییەکانی ئوسامەو حکوومەتی خارتووم، بووە هۆی دردۆنگی‌و لیك پچرانی پیوەندیی سوودان لەگەڵ ئەمریکا، میسرو عەرەبستان. بە تایبەت ئەو کاتەی کە ئوسامە هەرەشەی کردبوو کە "ملك فهد" تیرۆر دەکا. تەقینەوەی بۆمب لە ناوەندی جیهانیی بازرگانی لە سالی **١٩٩٣**دا خرایە ئەستۆی ئوسامە. بۆیە لە ژیر فشاری ئەو ولاتانەدا ناوبراو سوودانی بەجێ هیشت‌و گەرایەوە بۆ ئەفغانستان. حکوومەتی سوودانیش تا هیرشی تیرۆریستی ئەم دوایانە بۆ سەر ئەمریکا هەروا لە لیستی تیرۆر دا ناوی دەهات‌و بەردەوام بە تاوانی پەنادان‌و لایەنگری لە تیرۆریستان هیرشی دەکرایە سەر. ئوسامە سەر لە نوێ لە ئەفغانستان دەستی کردەوە بە چالاکی‌و یارمەتیدانی ئیسلامییە توندرەوەکان‌و ریك خستنەوەی سەرلەنویی ئەلقاعیدە. ئوسامە وای مەزەندە دەکرد کە پیلان بۆ کوشتنی لە ئارادایە، بۆیە تەنیا متمانەی بە چەند کەسیکی نزیکی خۆی دەکردو لە گەڵ نزیکەی ٥٠ کەس لە ئەندامانی بنەماڵەکەی‌و پاسەوانەکانی لە شاری جەلال ئاباد نیشتەجێ بوو. مانگیك دوای گەیشتنی ئوسامە بۆ ئەفغانستان، تالیبان دەستی بەسەر جەلال ئابادو کابول داگرت. سالی ١٩٩٧، ئەمریکا داوای لە تالیبان کرد لە بەرامبەر دانپیانانی نیودەولەتی بە دەسەلاتی تالیبان لە ئەفغانستان، ئوسامە بە دەستەوە بدا. ئەو داوایەی ئەمریکا لە لایەن تالیبانەوە رەت کرایەوەو، هەر لەو سالەدا جەلال ئاباد کەوتە بەر هیرشی ئاسمانیی ئەمریکا. دواتر بن لادن بۆ پاراستنی سلامەتیی خۆی چووە قەندهار، کە ئەو شارە بنکەیەکی بە هیزی قوتابیانی شەریعەیەو مەلبەندی نیشتەجێ بوونی مەلا محەممەد عومەرە.

ئوسامەی کوری لادن نزیکەی ٥٠ سالی تەمەنەو سێ ژنی هەیەو یەکیك لە کچەکانی ژنی مەلا محەممەد عومەر ریبەری تالیبانەو سالی ١٩٩٦ لە کۆبوونەوەی ئەندامانی ریکخراوەکەی دا بریاری زەبر وەشاندن لە هیزەکانی بیگانەی لە خاکی ئیسلام دا راگەیاند. لەو کاتەوە تا ئیستا ئەم تاوانانە خراونەتە ئەستۆی: ١ـ هیرشی سالی ١٩٩٦ بۆ سەر کارمەندانی ئەمریکایی لە زەهران، ٢ـ تەقاندنەوەی سەفارەتەکانی ئەمریکا لە تانزانیاو کینیا لە سالی ١٩٩٨ کە لەو دوو رووداوەدا ٢٩١ کەس کوژران‌و نزیکەی پینج هەزار کەسیش بریندار بوون ٣ـ هیرشە تیرۆریستییەکەی ١١ی سیپتامبر بۆ سەر ناوەندی بازرگانیی جیهانی‌و وەزارەتی بەرگریی ئەمریکا.

ئوسامە تۆریکی تیرۆریستیی پان‌و بەرینی پیك هیناوە کە لانی کەم لە ٣٤ ولات دا بنکەی هەیەو بەشیوەیەك بەریوەی دەبا کە بەشە هاوتەریبە (موازی)یەکان لە چۆنیەتیی کاری یەکتری ئاگادار نین‌و مۆرە چالاکەکانی هەربەش لەگەڵ مۆرە چالاکەکانی بەشەکانی دیکە یەکتر ناناسن‌و ئەگەر زیان لە بەشیك بکەوێ، بەشەکانی دیکەی ریکخراوی ئەلقاعیدە تووشی زیان نایەن. بەرپرسی یەکەمی تەشکیلاتی ئەلقاعیدە خودی ئوسامە بن لادنەو دەلین بن لادەن چەند کەسی هاوشیوەی خۆی هەیەو زوو زوو جیگۆرکێ دەکا. لە خوار بن لادنەوە نیهادیك بە ناوی "شورای ریبەری" هەیە کە ٢٥ تا ٣٠ ئەندامی هەیە، دووکەس لە ئەندامانی ئەو شورایە جیگری ئەسلیی بن لادەنن.

لە خوار شورای ریبەرییەوە ئەم تەشکیلاتە دەبیتە چوار بەشی مەزهەبی کە سەرەرای ئامووزشی بیروباوەری مەزهەبی‌و بیرۆکەی بن لادن، دەرکردنی فتوادانیشی لە ئەستۆدایە. دووهەم بەشی چاپەمەنییە کە حەوتوونامەیەکی خەبەری‌و کاسیتی ڤیدئۆیی بلاو دەکاتەوە. بەشی مالی سیهەمین بەشەو چوارەمین بەش، بەشی نیزامییە کە لە گرنگترین بەشەکانی ئەلقاعیدەیەو پیك هاتوە لە لەشکری ئیسلام، بەرەی ئیسلامیی جیهان بۆ جیهاد کردن.

دامەزراوی رزگار کردنی ئیسلام‌و تۆری ئوسامە بن لادن، کە لە سێ بەشی چالاکیی دەرەوە، چالاکیی نیوخۆو بەشی تیرۆر پیك هاتوە. ئەرکی بەشی چالاکیی دەرەوە بریتییە لە گەڵاڵە دارشتن بۆ بەشداری لە شەرە "منظم"ە کانی وەك کشمیر، چیچین‌و ولاتانی ئاسیای نیوەراست‌و. . .. بەشی نیوخۆ بۆ ریکخستنی چالاکی لە نیو خۆی ئەفغانستان داو یارمەتی کردن بە تالیبان تەرخان کراوەو بەشی سیهەم دارشتنی چالاکیی تیرۆریستی لە تەواوی جیهانی لە ئەستۆدایە، کە لە دوو بەشی مالی (تەداروکات)و عەمەلیاتی پیك دەین. ئەندام بوون لە تەشکیلاتی بن لادن دا لە سەر بنەمای وەفاداری تاکەکەس بە ئامانجە مەزهەبی‌و فیکرییەکانی بن لادنەو ئەندامی ئەو ریکخراوەیە دەبێ لە ئەنجامدانی هەر بریاریك سڵ نەکاتەوە. زۆربەی داهاتی مالیی ریکخراوەکە بن لادن‌و بەرەی نیونەتەوەیی ئیسلامییەکان دژی جوولەکەو خاچ پەرستەکان کە لە سالی ١٩٩٦ لە ئاکامی یەکگرتنی ٨ ریکخراوی دیکەی ئیسلامیی وەك "جهاد اسلامیه"و "جهاد" لە میسر، "سەربازەکانی محەممەد" لە ئۆردۆن‌و هیندیك ریکخراوی ئیسلامی لە ئەلجەزاییر، کشمیرو پاکستان‌و ریکخراوی "الماجرون" لە بریتانیا پیك هاتوە. بە وتەی "مەلا محەممەد عومەری برتری" کە یەکیك لە هاوکارەکانی ئوسامە بن لادنە، بەشیکی زۆری داهاتی ئەلقاعیدە کە ٩٠ میلیۆن دولار لە ساڵ دایە لە سەرفترەو زەکاتی موسلمانان لە جیهان دا کە بۆ ئەم بەرەیەی دەنیرن، پیك دێ. هەرچۆنیك بێ گومان لە دەولەمەندیی ناوبراو ناکرێ. ☼

---

**لە دەرەوەی ولات یارمەتی‌یە مالی‌یەکانی خۆتان بۆ حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئیران بدەن بەم حیسابە بانکی‌یە:**

C.C.P PARIS 68040
M020
FRANCE

**فیشە بانکی‌یەکەشی بۆ ئەم ئادرەسە پۆست بکەن:**

A.F.K.B.P.102 75623
PARIS CEDEX 13
FRANCE

# "بزووتنەوەی فەرهەنگی لە کوردستانی ئێران" لە ئێوارە کۆڕێك دا

دریژەی دوالاپەر ە

ناوبراو هەر لە دریژەی ئەو باسەدا ویرای ئاماژەکردن بە کۆسپەکانی سەر ریگای ئەو کۆمەلەیە گوتی: "دیارە "کۆمەلەی جیهاندانی" کاتی خۆی دەیتوانی شوینەواری زۆر باش لە باری رۆشنگەریو وریاکردنەوەی خەلکەوە دابنیّ، بەلاّم بەداخەوە شەری یەکەمی جیهانی ریگای نەدا ئەو کۆمەلەیە دریژە بەکارو تیکۆشانی خۆی بدا. شتیکی دیکە کە بەدوای ئەودا وەك نیشانەیەك لە وریاییو هەولی فەرهەنگی لە نیو کوردەکانی ئیران دا دەی بینین، دەرچوونی یەکەمین رۆژنامەی کوردییە لە کوردستانی ئیران دا. رۆژنامەیەك کە سالی ١٩٢١ لە ورمیّو لە چاپخانەی "تمدن" لە ژیرسەرپەرستیی مامۆستا مەلا محەمەد تورجانی زادە دا دەرچوو بە ناوی "رۆژی کورد" کە پاشان ناوی بوو بە "کورد".

ناوبراو لە دریژەی هەمان باس دا، باسی سەردەمی رەشی دەسەلاّتدارەتیی رەزاخانو هەولی ناوبراو بۆ سەرکوتو لە نیوبردنی فەرهەنگی کوردی کرد تا سەرئەنجام لە سالی ١٩٤١دا، فەزایەکی دیکە بۆ گەشەکردنی فەرهەنگو ئەدەبیاتی کوردی پیك هات. ئەو کاتە هیزەکانی یەکیەتیی سۆڤیەت لە شیمالی ئیرانەوەو بریتانیا لە جنووبو رۆژئاواوە هاتنە نیو خاکی ئیران. لەو سەردەمەدایە کە کۆمەلەی ژێ کاف لە سالی ١٣٢١دا پیك دیّو سالیك دواتریش کۆمەلە، گۆڤاری خۆی بە ناوی "نیشتمان" دەردەکا. دروست بوونی کۆمەلەی "ژێ کاف"و دەرچوونی گۆڤاری "نیشتمان" شوینیکی زۆر بەرچاوی لە بوژاندنەوەی ئەدەبیو فەرهەنگیی کوردستانی ئیران دا دەبیّ. بۆ یەکەمین جار پەخشانی کوردی لە کوردستانی ئیران لەو سەردەمەدا لە دایك دەبیّ، شیعری کوردی ئالوگۆری بەسەردادیّ. لەو دەورانەدایە کە "سیف القضات" نویّ کردنەوەیەك لە شیعری کوردی دا دەکاو دەبیتە داهینەری مەکتەبی کلاسیکی نویّ لە شیعری کوردیی کوردستانی ئیران دا.

هاوریّ قادر وریا لە بەشیکی دیکەی قسەکانی دا ویرای ئاماژەکردن بە دامەزرانی حیزبی دیمۆکراتو دامەزرانی کۆماری کوردستانو رۆلی بەرچاوی کۆماری کوردستان لە بوژاندنەوەی هەرچی زیاتری کاروباری فەرهەنگی داو ناوبردنی ئەو سەردەمە بە سەردەمیکی پرشنگداری بزووتنەوەی فەرهەنگیی کوردستان،گوتی: "لە دەورانی کۆماری کوردستان دایە کە چاپخانە دادەمەزریّ، بۆیەکەمین جار خویندنو نووسین بە زمانی کوردی لە قوتابخانەکان دا دەست پیّدەکا، شانۆی کوردی سەرهەلّ دەدا، رادیۆی کوردی دادەمەزریّ. هەروەها سروودی کوردیو لە هەمووی بەرچاوتر رۆژنامەنووسیی کوردییە کە جگە لە رۆژنامەی "کوردستان" گۆڤاری "کوردستان"، گۆڤاری "هەلالە"، گۆڤاری "گروگالی مندالانی کورد"و کۆمەلیك بلاوکراوەی دیکە بلاودەبنەوە. . . جگە لەوانەش دەرەتانی ئەوە پیك دیّ کە رووناکبیرانی کورد لە بەشەکانی دیکەی کوردستان دا، رووبکەنە کوردستانی ئیرانو دەرەتانی وتوویژو دیالۆگ لە نیوان رووناکبیرانی بەشەکانی کوردستان دا پیك دیّ کە هەمووی بەرهەمی ئەو سەردەمەن . . . بزووتنەوەی فەرهەنگی لە کوردستانی ئیران لەو قۆناغەدا دەگاتە ئەوجی خۆی کە بەداخەوە لەگەلّ رووخانی کۆماردا ئەو دەورەیە کۆتایی پیّ دیّ. . ."

بەریز قادر وریا لە بەشیکی دیکەی قسەکانی دا هاتە سەرباسی قۆناغی پاش رووخانی کۆماری کوردستانو ئەو قۆناغەی بە قۆناغی سەرکوتکردنو پاشەکشەی بزووتنەوەی نەتەوایەتیی کورد ناوبردو بە شتیکی سروشتییشی زانی کە بزووتنەوەی فەرهەنگییش لەژیر تەئسیری ئەو وەزعەدا لە کزی بدا. ئەو لەو بەشەدا کۆمەلیك لەو رووداوو دیاردانەی کە لە سەر جموجۆلی فەرهەنگیو هونەرو ئەدەبیاتی کوردی لەو قۆناغەدا شوینیان داناوە، دەست نیشان کرد. راکردنی شاعیرانو رووناکبیران، دامەزرانی رادیۆ کوردییەکان ، ئالوگۆرەکانی نیوخۆی ولاّتی ئیران لە بواری کۆمەلاّیەتیو فەرهەنگی دا، رووداوەکانی دەیەی ٤٠ی هەتاویو سەرهەلدانی شیعری نویی کوردیو چیرۆکی نویّو پەروەردەبوونی ژمارەیەك هونەرمەندو نووسەری کورد لەو رووداوو ئالوگۆرانە بوون کە باسی لی کردن.

بەریز قادر وریا لە "جمعبندی"ی ئەو قۆناغە لە بزووتنەوەی فەرهەنگیی کوردستانی ئیران دا گوتی : "لەسەر یەك ئەو دەورانە ناکریّ بلیین سەردەمی گەشە کردنی بزووتنەوەی فەرهەنگی لە کوردستانی ئیران دابووە."

ناوبراو لە دوابەشی باسەکەی دا هاتە سەر قۆناغی سیهەم؛ واتە قۆناغی پاش راپەرینی گەلانی ئیران لە سالی ١٣٥٧ەوە تا ئیستا کە لەو پیوەندییەدا گوتی: "ئیمە لە سەرەتای ئەو قۆناغەدا جموجۆلیکی بەرچاوی فەرهەنگی دەبینین. لە هەموو شارەکان دا خەلكو بەتایبەتی رووناکبیران بۆ خزمەتی زمانو ئەدەبیاتو فەرهەنگی میللەتی خۆیان وەخۆ دەکەون. لەو سەردەمەدایە کە لە لایەن حیزبی دیمۆکراتەوە کۆری پەروەردەو فیرکردن دادەمەزریّ بۆ ئەوەی مندالانی کوردستان لە ناوچە ئازادەکان دا بە زمانی کوردی بخوینن". بەریزیان ئەو ماوەیەی بە کورتخایەن ناوبردو باسی هیرشی بەربلاوی حکوومەتی تازە دامەزراوی بۆ سەر کوردستان کردو گوتی: "لە شارەکان تیکۆشانی فەرهەنگی بە هۆی هەلاّیسانی شەرەوە بە تەواوی کەم بۆوە. لە راستی دا بەو هۆیەوە حکوومەت بەدبین بوو بە هەرچەشنە جموجۆلیکی فەرهەنگی لە کوردستان دا، بۆ ماوەی ٤ـ ٣ سالّ جموجۆلیکی فەرهەنگیی ئەوتۆ بەرچاو ناکەویّ. بە دوای وی دا ئیمە لە سالی ١٣٦٤دا شاهیدی دەرچوونی گۆڤاری "سروە" دەبین."

لە دریژەی ئەو باسەدا هاوریّ قادر وریا ویرای باس کردن لە هۆیەکانی رەزامەندیی کۆماری ئیسلامی لە گەلّ دەرچوونی گۆڤاری "سروە"و شویندانانی دەرچوونی ئەو گۆڤارە لە سەر لاوانی کوردو تامەزرۆیانی ئەدەبیاتی کوردی، بە گشتی، باسی لە سەرهەلدانو دامەزرانی ئەنجومەنە ئەدەبییەکانو رۆلو کاریگەریی ئەوان لە بزووتنەوەی فەرهەنگی دا کرد. هەروەها لە دریژەی ئاخاوتن لە سەر ئەم قۆناغە لە بزووتنەوەی فەرهەنگیی کوردستان دا، باسی ئالوگۆرەکانی کوردستانو ئیرانو جیهان لە دەیەی دووهەمی دەسەلاّتدارەتیی کۆماری ئیسلامی دا کرد کە بوونە هۆی بەربلاوبوونو پەلهاویشتنی ئەو بزووتنەوەیە بۆ زۆربەی ناوچەکانی کوردستانو بۆ نیو کوردەکانی خوراسانو تاران. لەوبەشەدا زۆر لە تایبەتمەندییەکانی ئەو بزووتنەوەیە



قامکیان لە سەر دانرا، وەك یەکیك لە تایبەتمەندییەکانی گوترا کە "ئەو بزووتنەوەیە تا دیّ بەرینترو قوولتر دەبیتەوە، هەم لە بارەی ویستو داخوازەییەوە، هەم لە بارەی فیکرییەوە . . . هەرچەند کۆماری ئیسلامی هەولّ دەدا ئەو بزووتنەوەیە تەنیا لە چوارچیوەی ئوستانی کوردستان دا بەرتەسك بکاتەوە . . . هەروەها ئەو بزووتنەوەیە هەولّ دەدا بە شیوەیەکی یاسایی کار بکا، بۆ ئەوەی مەجالی تیکۆشانی هەبیّ . . . "

ناوبراو لە دریژەی ئەم باسەی دا بە هینانە گۆری ئەم پرسیارە کە ئەو بزووتنەوەیە چ پیوەندییەکی لەگەلّ بزووتنەوەی سیاسیو شۆرشگیرانەی کوردستان دا هەیە گوتی: "بەبروای منو بە تیگەیشتنی حیزبی دیمۆکراتیش، ئەو بزووتنەوە فەرهەنگییە بەشیکە لە بزووتنەوەی رزگاریخوازانەی خەلکی کوردستانو لەگەلّ ئەو بزووتنەوە سیاسیو شۆرشگیرانەیە کە لە کوردستانی ئیران دا هەیە، یەك سەرچاوەیان هەیەو لە راستی دا ویستی هەردووکیان بەختیاریو پیشکەوتنی کوردەو کاریگەریشیان لە سەر یەك هەیە . . .". کاك قادر لە دوابەشی باسەکەی دا گوتی: " بەبروای من زۆر لەو داخوازە ئەساسییانەی کە بە جۆریك لە نیو ئەو بزووتنەوەیەدا دینە گۆریّ، لە چوارچیوەی دەسەلاّتی ئیستای ئیران دا نایەنە دی. بۆ وینە داخوازی خویندن بە زمانی کوردی یەکیك لە داخوازەکانی لەمیژینەی گەلی کوردە کە ئەو ریژیمە هەتا ئیستاش هیچ هەنگاویکی بۆ هەلّ نەگرتوە. ئیمە ئەزموونی چەند سالی رابردووشمان هەیە. بۆنموونە کۆمەلە چەمکیکی وەك: "حقوق شهروندی"، "دیمۆکراسی"و "مافی دیاریکردنی چارەنووس" شتیك نین کە لەو نیزامەدا بینە دی، بەلاّم بەو حالەش ئەو حەرەکەتە هەر بەسوودەو هەر لە خزمەت بەرەوپیش بردنی ویستو داخوازەکانی گەلی کورد دایە. بە بروای من ئەو بزووتنەوەیە پاشەکشەی بۆ نیەو حکوومەتیش ناتوانیّ فەزای پیشوو بسەپینیتەوە. چونکە ئەو بزووتنەوەیە ئاکامی لە مەیدان دا بوونی گەلی کوردە".

لە کۆتایی باسەکەدا بەریزان عەبدوللاّ زەنگەنە، بارزان مەلا خالید، دوکتورە سامیە شاکرو پرۆفیسۆر دوکتور مارف خەزنەدار کۆمەلیك لە پرسیارو تیبینییەکانی خۆیان هینایە گۆریّ کە هاوری قادر وریا وەلاّمی پرسیارو بۆچوونەکانی ئەوانی دایەوە. پیویستە بگوتریّ ئەو کۆبوونەوەیە کە پتر لە دوو سەعات دریژەی کیشا لە لایەن بەشداربووانەوە پیشوازییەکی گەرمی لی کرا.

## کونفرانسیک لە ژێر ناوی "پیکەوە سەرەر ای هەموو جیاوازییەکان" لە ئوستراليا

سەعات ٩ی سەرلەبەیانیی ڕۆژی ١٥ی ئوکتۆبری ٢٠٠١ی زایینی کۆنفرانسیك لە ژێر ناوی: "پیکەوە سەرەرای هەموو جیاوازییەکان" سەبارەت بە مەسەلەی کورد لە یەکیك لە سالۆنەکانی پارلمانی ئەیالەتی نیو ساوتی ویلز "N.S.W" لە سیدنیی ئوستراليا بەریوە چوو.

هەزینەی ئەو کۆنفرانسە لە لایەن پەنابەرانی شاری لیورپوولو بە هاوکاری شووڕای شارەداریی نیرفیلدو چەند ریکخراوو شارەداریی دیکەوە دابین کرابوو. خاتوو جینالینوکس (Caina lennox) نووسەری کتیبی "سەبارەت بە کوردەکان"یش ئەرکی ریکخستنی کارەکانی کۆنفرانسەکەی وەئەستۆ گرتبوو.

لەو کۆنفرانسەدا زیاتر لە ١٦٠ کەس کە زۆربەیان بریتی بوون لە کوردەکانی دانیشتووی شارەکانی سیدنیو میلبۆرنو ژمارەیەك میوانو کەسایەتیی کورد لە بەشە جۆراوجۆرەکانی کوردستانو هەروەها کەسایەتییە خاریجییەکان، بەشدار بوون.

کۆنفرانسەکە بە سروودی نەتەوایەتیی "ئەی رەقیبب"و سروودی نەتەوایەتیی ئوستراليا دەستی بە کارەکانی خۆی کرد. پاشان بەریز پاول لینچ (Paul Lynch) نوینەری پارلمانی ئەیالەتی نیوساوتی ویلز لە ناوچەی لیورپوول بەخیرهاتنی میوانەکانی کردو روونی کردەوە کە مەبەست لە بەریوەچوونی ئەو کۆنفرانسە چیە. بە دوای ئەودا بەریز شاهین بەکر بەرپرسی رادیۆی کوردیی SBS سەبارەت بە کورتە میژووی کۆچی کوردەکان بۆ ئوستراليا و هۆیەکانی ئەو کۆچە قسەی کردو بەشیك لە ویستەکانی کوردەکانی دانیشتووی ئوسترالیای هینایە گۆرێ. دواتر خاتوو دوکتور سارا پریتچارد (Dr.Sarah Pritchrd) لە مافزانەکانی دادگای بەرزی NSW(نیوساوتی ویلز)و ئوستادی مافی نیونەتەوەیی لە زانکۆی مافی سیدنیو راویژکاری نەتەوەیەکگرتووەکان لە بواری مافی مرۆڤ دا لە پیوەندی لەگەڵ مەسەلەی کورد داو زەوتکرانی مافەکانی کوردەکان لە لایەن دەولەتانی حاکم بەسەر بەشە جۆراوجۆرەکانی کوردستانەوە، وتەیەکی پیشکەش کرد.

لەو کۆنفرانسەدا نوینەرانی بەشە جۆراوجۆرەکانی کوردستان قسەیان کردو هەر کامیان سەبارەت بە مەسەلەکانی پیوەندیدار بەو پارچەیە لە کوردستان دوان. لەوبەشەدا نوینەری کومیتەی حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئیران لە ئوسترالیاش وتاریکی سەبارەت بە مەسەلەکانی پیوەندیدار بە کوردستانی ئیران، خەباتی گەلی کورد لەو پارچەیەی کوردستان، داخوازو ویستە سیاسییەکانی خەلکی کوردستانی ئیرانو هەروەها سیاسەتی سەرکوتکەرانەی کۆماری ئیسلامی سەبارەت بە گەلی کورد، ئیعدامەکان، تیرۆری ریبەرانی سیاسیو زەوتکرانی مافە نەتەوایەتیو ئینسانییەکانی گەلی کورد لە لایەن ریژیمەوە پیشکەش کرد.

ئەو کۆنفرانسە سەعات ٥ی پاش نیوەرۆی ئەو رۆژە کۆتایی پیهات. کۆنفرانسی ناوبراو بەسەرنجدان بە شوینی بەریوەچوونیو ئەوەکە بۆیەکەم جارە لە وڵاتی ئوستراليا کۆنفرانسیکی ئەوتۆ بەریوەدەچوو گرینگییەکی تایبەتی هەبوو.

## شووڕای ئەمنییەت نیگەرانیی خۆی سەبارەت بە بارودۆخی ئینسانی لە ئەفغانستان دەربر ی

رۆژی سێ شەممە (١ی خەزەلوەر) ریچارد ریان نوینەری هەمیشەیی ئیرلەند لە ریکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان داو سەرۆکی شووڕای ئەمنییەت، تەئکیدی کرد کە ئەندامانی شووڕای ئەمنییەت نیگەرانی بارودۆخی ئینسانیی ئەفغانستانن.

"ریان" لە کۆتایی کۆبوونەوەی رۆژی سێ شەممەی شووڕای ئەمنییەت لە وتوویژ لەگەڵ هەوالنووسان دا زیادی کرد: شووڕای ئەمنییەت بە دەربر ینی نیگەرانی لە بارودۆخی مرۆڤدۆستانەی ئەفغانستان، لە سەر گرنگیی مسۆگەرکردنی پیداویستییە سەرەکییەکانو گەیاندنیان بە خەلکی ئەفغانستان پیی داگرتەوە.

سەرۆکی شووڕای ئەمنییەت وتی: ئەندامانی شوورا، ریزیان لە کارمەندانی بونیادە مرۆڤدۆستەکان لە ناوچەدا گرتو داوایان کرد سلامەتیو ئەمنییەتی ئەوان لە هەموو کاتەکان دا دابین بکرێ. شووڕای ئەمنییەت هەروەها ولاتانی دراوسیی هان دا کە یارمەتییەکانی خۆیان بۆ ریکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان بەمەبەستی بەرەوروو بوونەوە لەگەڵ قەیرانی پەنابەران زیاد بکەنو داواشی لە کۆمەلگای نیونەتەوەیی کرد لە یارمەتییە مالییە پیویستەکان بگەیەننە ولاتانی میوانداری پەنابەرانی ئەفغانی.

"ریان" هەروەها گوتی: ئەندامانی شووڕای ئەمنییەت داوایان لە تالیبان کردوە کە چی دیکە کۆسپ نەخەنە سەر ریگای گەیشتنی یارمەتییەکان بە خەلکی ئەفغانستانو کۆتایی بە وەمەترسی خستنی سلامەتو ئەمنییەتی کارمەندە یارمەتیدەرەکان بینن.

ریان وتی: لە کۆبوونەوەی سەرلەبەیانیی رۆژی سێ شەممەی شووڕای ئەمنییەت کە لەودا کوفی عەنان سکرتیر، ئەخزەر ئیبراهیمی نوینەری تایبەتی سکرتیر لە کاروباری ئەفغانستانو فرانسیسکۆ نودرل نوینەری تایبەتیی ئیبراهیمی لە ئەفغانستان بەشدار بوون، بارودۆخی مرۆڤدۆستانە، سیاسیو نیزامیی ئەفغانستانو نەخشی داهاتووو ئیحتیمالیی ریکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان لە ئەفغانستان دا خرایە بەر باسو گۆر ینەوەی بیرور ایان لەسەر کرا.

# KURDISTAN

Organ of the Central Committee of
Democratic Party of Iranian Kurdistan

No:327 1 Nov 2001



لە دەرەوەی وڵات بۆ پێوەندی گرتن لەگەڵ ڕۆژنامەی
**"کوردستان"**
لەگەڵ ئەم ئادریسەی خوارەوە پێوەندی بگرن:

AFK
B.P. 102- 75623 PARIS
CEDEX 13- FRANCE
Tel. 0033145856431, Fax. 0033145852093


## "بزووتنەوەی فەرهەنگی لە کوردستانی ئێران" لە ئێوارە کۆڕێك دا

ئامادەکردنی: خالید



ڕۆژی سێشەممە ٢٠٠١/١٠/٢٣ (خەزەڵوەری ١٣٨٠) لە سەر بانگهێشتنی ڕەسمیی "بنکەی ڕۆشنبیریی کاوە" لە شاری هەولێر ئێوارە کۆڕێك لە ژێر ناوی "بزاڤی ڕۆشنبیری لە کوردستانی ئێران"دا بۆ بەڕێز کاك قادر وریا ئەندامی دەستەی نووسەرانی ڕۆژنامەی "کوردستان" ئۆرگانی کومیتەی ناوەندی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران بەڕێوە چوو. لەو ئێوارە کۆڕەدا کە مامۆستا کەماڵ غەمبار بەڕێوەی برد کۆمەڵێك لە مامۆستایانی زانستگەو نووسەران، ڕۆژنامەنووسانو بە دەیان کەسی دیکە لە ڕووناکبیرانی شاری هەولێر بەشدار بوون، هاوڕێ قادر وریا باسێکی تێروتەسەلی لە پێوەندی لەگەڵ بزووتنەوەی فەرهەنگی لە کوردستانی ئێران لە ماوەی سەد ساڵی ڕابردوودا پێشکەش کرد. لێرەدا هەڵبژاردەیەك لە قسەکانی ناوبراو لەو ئێوارە کۆڕەدا پێشکەشی خوێنەرانی بەڕێزی "کوردستان" دەکەین:

هاوڕێ قادر وریا لە سەرەتای باسەکەی دا وێڕای ئاماژە کردن بە سەرهەڵدانی بیری نەتەوەیی وەك هۆکارێکی گرینگ بۆ گەشەکردنی بزووتنەوەی فەرهەنگیو ڕۆشنبیریو پێشکێش کردنی پێناسەیەك لە سەر بزووتنەوەی فەرهەنگیو بنەماکانو هۆکارەکانی، بزووتنەوەی فەرهەنگی لە کوردستانی ئێرانی بە سەر سێ قۆناغ دا دابەش کرد کە بریتی بوون لە :

١ـ لە سەرەتاکانی سەدەی بیستەمەوە تا ڕووخانی کۆماری کوردستان،
٢ـ لە ڕووخانی کۆماری کوردستانەوە تا ڕووخانی ڕێژیمی پاشایەتی،
٣ـ لە سەرکەوتنی ڕاپەرینی گەلانی ئێرانەوە تا ئێستا.

لە پێوەندی لەگەڵ هەوڵو تێکۆشانی فەرهەنگی لە سەرەتاکانی سەدەی بیستەم دا گوتی: "لە سەرەتاکانی سەدەی بیستەم دا هێندێك هەوڵو تێکۆشان هەیەکە نیشان دەدەن کورد هەوڵ دەدا بۆ ئەوەی کەلتووری خۆی بپارێزێ. یەکەمین هەوڵ ئەو هەوڵەیە کە بە دوای پێکهاتنی "کۆمەڵەی کەلتووریی ڕۆشنگەریی کوردی" (جیهاندانی) دا دەبینرێ. کاتێك ئەو کۆمەڵەیە بە هۆی عەبدولڕەزاق بەدرخانو بە هاوکاریی سمکۆی شکاك پێك دێ ئەوان هێندێك ئامانج وەك: خوێندن بە کوردی، کردنەوەی قوتابخانەی کوردی، دەرکردنی ڕۆژنامەو گۆڤاری کوردی، دامەزرانی چاپخانەو ناردنی لاوی کورد بۆ یەکیەتیی سۆڤیەت بە مەبەستی درێژەدان بە خوێندن دیاری دەکەن".



## دەست پیکردنی سیهەمین کونفرانسی یەکیەتیی ژنانی دیموکراتی کوردستانی ئیران



پیش نیوەڕۆی ڕۆژی ١٠ی خەزەلوەری ١٣٨٠، کونفرانسی سیهەمی یەکیەتیی ژنانی دیموکراتی کوردستانی ئیران، دەستی پێ کرد.

لە ریورەسمی دەستپیکردنی سیهەمین کونفرانسی یەکیەتیی ژنانی دیموکرات دا، سکرتیری گشتیی حیزبو کۆمەلیك لە هاورییانی ئەندامی دەفتەری سیاسیو کۆمیتەی ناوەندیی حیزب، نوینەرانی کۆمەلەو ریکخراوەکانی ژنان لە کۆیەو دەیان میوانی دیکە کە لە شارو ناوچەکانی دوورترەوە، هاتبوون بەشدار بوون.

لە ریورەسمەکەدا بە دوای سروودی نەتەوایەتیی "ئەی رەقیب"و دەقیقەیەك بە بیدەنگیو بە پیوەوەستانی ئامادە بووان دا، هاوڕێ خەدیجەی مەعزوور ئەندامی لە میژینەی یەکیەتیی ژنان، کونفرانسەکەی کردەوە. پاشان سکرتیری گشتیی حیزب هاوریی تیکۆشەر عبداللە حەسەن زادە بە نوینەرایەتی لە لایەن دەفتەری سیاسییەوە، وتاریکی گرنگی لە پیوەندی لەگەڵ کارو تیکۆشانی ژنانی دیموکرات دا پیشکیش کرد. لە برگەکانی دیکەی ئەو ریورەسمەدا، راپۆرتی کۆمیتەی بەریوەبەری یەکیەتیی ژنان بۆ کونفرانس لە لایەن هاور ێ چنوور میهرپەروەر پیشکیش کراو کۆمەلیك پەیامی پیرۆزبایی کە بۆ کونفرانس هاتبوون، خویندرانەوە.

"کوردستان" بە بۆنەی دەست پیکردنی سیهەمین کونفرانسی یەکیەتیی ژنان بە گەرمی پیرۆزبایی لە بەشدارانی کونفرانسو ئەندامانو لایەنگرانی یەکیەتیی ژنانو هەموو ژنانی کوردستان دەکاو سەرکەوتنی کونفرانس بە ئاوات دەخوازێ.

بە خوینەرانی بەریزیش رادەگەیەنین لە ژمارەی داهاتوودا، رپیورتاژیکی تیرو تەسەل لەو بارەیەوە بلاو دەکەینەوە.

**سایتی "کوردستان" ئۆرگانی کومیتەی ناوەندیی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێرانو چاپەمەنیی دیکەی حیزب لەسەر ئینتێرنێت:**

www.kurdistanmedia.com
e- mail: kurdistanmedia@yahoo.com

**بۆ هاوکاریی زیاتری هێزە دێمۆکرات و پێشکەوتووەکانی ئێران تێبکۆشین**